یوسف گۆران

# کورد و تورکمان

## تێڕوانینێك بۆ میكانیزمەكانی پێكەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوانیان

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١

کورد و تورکمان – تێڕوانینێک بۆ میکانیزمەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوانیان
نوسینی: یوسف گۆران
بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١
ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان (٢٠٤٨) ساڵی ٢٠١١
لە دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی چاپکراوە
دیزاین: ئەمیرە عومەر
تایپ: نیاز جەلال ، شادان ئەحمەد
تیراژ: (٤٠٠٠)
ژمارەی زنجیرە: (٣٤)

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لەدەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی ڕۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

**سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق**

## پێشەکی چاپی دووەم

ساڵی ٢٠٠٢ کاتێك چاپی یەکەمی ئەم نامیلکەیە لەلایەن ئەکادیمیای هۆشیارییەوە بڵاوکرایەوە، هێشتا مەسەلەی پەیوەندی نێوان کوردو تورکمان ئەو جدییەتەی ئێستای وەرنەگرتبوو بەڵام دەستپێشخەری لەباسکردنی ئەم مەسەلەیە بەڵگەی ئەوەیە کە یەکێتی دەمێکە دیدێکی دۆستانەی بۆ مەسەلەی پەوەندی نێوان کوردو تورکمان هەیە.

ئێستا، کاتێك ئەکادیمیا ئەم نامیلکەیە پاش نۆ ساڵ بۆ جاری دووەم بڵاو دەکاتەوە، مەسەلەیەك رون دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە کە ئەو هەڵوێستانەی بەرامبەر بەتورکمان نۆ ساڵی لەمەوبەر لەناو یەکێتیدا هەبوون، ئێستاش لەناو یەکێتیدا هەن‌و لەبرەوپێدانن. لەراستیشدا یەکێتیی هیچ کات



ئەوەی نەشاردۆتەوە کە هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بووە کە پەیوەندییەکی ستراتیجی لەنێوان کوردو تورکمان بهێنێتە دی. رەنگە چەند ساڵێك لەمەوبەر هەلومەرجی هاتنە کایەی ئەو پەیوەندییە ستراتیجییە بەو رادەیەی کە پێویستە لەئارادا نەبوبێ، بەڵام ئێستا هەلومەرجەکە نیشانی دەدا کە دەرفەتێکی باشتر بۆ هێنانە دیی ئەو پەیوەندییە لەئارادایەو ئێستا هەست بەوە دەکرێ، کە برا تورکمانەکانیش بۆچونی نزیکتریان لەم بارەیەوە هەیە، کە دیارە ئەوەش مایەی دڵخۆشییەو بەڵگەی ئەوەشە کە هەلێکی لەبارتر بۆ سەرخستنی هێنانە دی پرۆژەی گەیاندنی ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان کوردو تورکمان بەئاستێکی ستراتیجی لەئارادایە.

لێرە دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە ئەکادیمیای هۆشیاری لەساڵی ٢٠٠٨ دا نامیلکەیەکی تری بەناونیشانی ((کوردستان‌و مافە نەتەوەییەکانی تورکمان)) بڵاوکردۆتەوە کە بەڕێز موکەڕڕەم

تاڵــەبانی بــەزمانی عــەرەبی نوســیبوی. ئەمــەش نیـشانەی ئەوەیـە کـە ئـەکادیمیا بایـەخێکی تایبـەتی بەپەیوەندیی نێوان تورکمان داوە.

ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران

## بەشی یەکەم

# کوردستان: نیشتمانی هەموو ئەوانەی لەسەری دەژین

مێژووی پەیوەندییەکانی کوردو تورکمان لەهەرێمی کوردستانی عیراقدا نیشانی دەدات کە ئەم دوو لایەنە بەدرێژایی مێژوو پەیوەندییەکی ئارامو دۆستانەیان لەگەڵ یەکتردا بردۆتەو سەر. کوردو تورکمان زیاتر لە ٥٠٠ ساڵە لەسەر یەك خاك پێکەوە دەژینو لەزۆربەی ناوچەکاندا شوێنی نیشتەجێبوونیان تێکەڵ بەیەکتری بووە، ئەم نزیکیو تێکەڵاوبوونەی کوردو تورکمان بە درێژایی مێژوو بۆتە مایەی دروستبوونی پەیوەندی دۆستانەو، تەنانەت زۆر جاریش گەیشتۆتە ئاستی



ئەوەی بەیەکەوە رووبەڕووی یەك چارەنوسو یەك هەڕەشە ببنەوە.

لەڕاستیدا ئەگەر بێتو لاپەڕەی پەیوەندییەکانی کوردو تورکمان هەڵبدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە بەدێژایی مێژوو پەیوەندی لەنێوان کوردو تورکمان ئیجابی بووە. رەنگە روداوی ١٤ ـ ١٥ی تەمووزی ١٩٥٩ی کەرکوك، تاقە کارەساتێك بێت کە تیایدا پەیوەندی کوردو تورکمان شێوازێکی سلبیو شەڕەنگێزی گرتبێتەخۆ، بەڵام خودی ئەم روداوەش ئەوەندەی زادەی کاریگەری هێزە دەرەکییەکان لەسەر پەیوەندی کوردو تورکمان بووە هێندە زادەی گەشەسەندنی سروشتی پەیوەندیو بەرژەوەندی نێوان کوردو تورکمان نەبووە.

مێژووی کۆنی پەیوەندییەکانی کوردو تورکمان دەریدەخەن کە لەزۆر قۆناغی مێژوویی جیا جیادا کوردو تورکمان لەیەك بەرەدا دژ بە دوژمنێکی هاوبەشو لەپێناو ئامانجێکی هاوبەش خەباتیان

کردووە. رەنگە نموونەی شەڕەکانی نورەددین زەنکیو سەلاحەدینی ئەیوبی دژ بە خاچپەرستان، باشترین بەلگەی ئەم پەیوەندییە بن.

ئاشکرایە کە نورەددین زەنکی کوڕی عیمادەدین زەنکییەو دامەزرێنەری میرنشینی زەنکییەکانە لەموسڵو شام لەسەدەی ١٢ی زایینی. نورەددین وەکو ناسراوە یەکێك بووە لەو سەرکردە مەزنانەی کە لەسەرەتای هێرشی خاچپەرستان بۆ ناوچەکە زۆر بە توندی روبەڕویان بۆتەوە.

نورەدیین کە سەر بە خێڵی ساب ـ بو تورکمانی بووە[٣٥/١]. سەرکردەی لەشکرێك بوو کە لەچەندین نەتەوەی جیاواز، بەتایبەتی کورد، پێکهاتبوو. کوردەکان کە بەشێکی سەرەکی لەشکری نورەددینو سەرجەم سەرکردەکانی تری زەنکییەکانیان پێکدەهێنا لەگەڵ تورکمانەکان رووبەڕوی چەندین هێرشی خاچپەرستەکان بوونەوەو پێکەوە چەندین شەڕی فورسیان دژی خاچپەرستان کردوە. تورکمانو



کوردەکانی نێو لەشکری نورەددین لەپێناو یەك ئامانجی هاوبەشدا تێدەکۆشانو بگرە شانازیشیان بەسەرکردایەتی نورەددینەوە دەکرد.

وەكو دەزانرێت کەشەڕی موسڵمانان لەدژی خاچپەرستان لەسەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبیدا زۆر فراوانو قوڵ بۆوە.

سەلاحەدینو شێرکۆی مامی دوو سەرکردەی ناوداری کوردی سەر بەلەشکری نورەددین بوونو پاش مردنی نورەددین سەرکردایەتی کردنی شەڕی خاچپەرستان کەوتە ژێر دەست سەلاحەددینەوە، لەم دۆخەدا زۆربەی میرنشینە تورکمانەکانی ناوچەکە، وەك میرنشینی زەنکیو ئەلەبتەکینی (هەولێر)، لەژێر سەرکردایەتی سەلاحەددینداو لەگەڵ کوردەکان شەڕی خاچپەرستانیان کرد.

لەم قۆناغەدا کوردو تورکمان لەبەر چەندین هۆکار، کە بەهێزترینیان ئایینیو دراوسێتیو هاو

چارەنوسی بوو، پێکەوە لەیەك سەنگەر لەپێناوی یەك ئامانجی سیاسیدا دەجەنگان.

نمونەیەکی تری هاوکاری هاوسۆزی پێکەوە ژیانی کوردو تورکمان لەمێژوویی هاوچەرخماندا ئەو کۆمیتە هاوبەشە بوو کە کوردەکانو تورکمانەکانی کەرکوك لەساڵی ١٩٢٢دا پێکیانهێنا، ئەویش لەپێناوی هاریکاریکردنو هەماهەنکردنی نێوان کوردو تورکمانی کەرکوكو بۆ رێخۆشکردن بۆ هاتنی لەشکری شێخ مەحمودی حەفید بۆ کەرکوك، ئەم کۆمیتەیە لە کەسایەتی ناوداری کوردی کەرکوك وەك سەید ئەحمەد خانەقاو نیزام بەگ وەك نوێنەری تورکمانەکان پێکهاتبوو[٢٣٩/٢]. هەرچەندە ئەم کۆمیتەیە نەیتوانی ئامانجی خۆی بپێکێ بەڵام دیسانەوە نمونەیەکی زیندوی هاودۆستیو چارەنوسی کوردو تورکمانی کەرکوکی دژ بەئینگلیزەکان دەرخست.



لەلایەکی ترەوە سەرچاوە مێژووییەکان باسی ئەوە دەکەن کە ساڵی ١٩٢٤ خێڵە کوردەکانی دەوروبەری کەرکوك پاش بیستنی هەواڵی ئەو شەڕو پێکدادانەی کە لەنێوان تورکمانەکانو لەشکری لیڤی لەنێو شاری کەرکوك رویدا کۆبونەوەو، هەوڵیاندا بۆ هاریکاریکردنی تورکمانەکان بێنە ناو شاری کەرکوکەوە[٢/ ٢٠٦-٢٠٧]. بەڵام لەشکری بریتانی رێی لەهاتنی کوردەکان بۆ ناو شاری کەرکوك گرت.

نمونەی تازەتریش بۆ هاوکاری نێوان کوردو تورکمان لەساڵانی ١٩٨٢ و ١٩٩١دا بەدی دەکرێن. لەبەهاری ١٩٨٢دا پاش ئەوەی بە بڕیاری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جەماوەری شارەکانی کوردستان کەوتنە خۆپیشاندان دژ بە رژێمی بەغداو لەگەرمەی ئەو هێرشو راونانەی کە هێزەکانی بەغدا دژ بە خۆپیشاندەران ئەنجامی دەدا، تورکمانەکانی شاری کەرکوكو هەولێر یارمەتی شاردنەوەی زۆر لەخۆپیشاندەرە کوردەکانیاندا.

یارمەتیدانی خۆپیشاندەرە کوردەکان لەلایەن ماڵە تورکمانەکانەوە لەو کاتە ناسکەی کە حکومەتی بەغدا ئەوپەڕی توندوتیژی دژ بە بەرهەڵستکارانو هاوکارانیان بەکاردەهێنا، نیشانەی ئەو هاوسۆزیو دۆستایەتییەی نێوان کوردو تورکمان بوو، هەروەها نیشاندەری ئەوە بوو کە کوردو تورکمان لەسایەی حکومەتی بەغدا روبەروی یەك چارەنوس بونەتەوە.

لەسەرێکی ترەوە پاش ئەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەبەهاری ساڵی ١٩٩١دا راپەڕینو زۆربەی هەرە زۆری شارەکانیان رزگار کرد، تورکمانەکان سەرباری ئەوەی لەهیچ پارتو رێکخراوێکی سیاسیدا نەبوون. بەڵام لەهەندێ شوێنی کوردستاندا رۆڵێکی بەرچاویان لەیارمەتیدانی راپەڕیوەکان بینی. زەقترین نموونە بۆ بەشداریکردنی تورکمانەکان لەراپەڕینی جەماوەری کوردستان شارۆچکەکانی دوزو تازە بوو، تورکمانەکانی تازە رۆڵێکی



سەرەکییان لە رزگارکردنی ئەم شارۆچکەیەدا گێڕا، بۆیە تورکمانەکان بە گرتنەوەی شارەکە لەلایەن هێزەکانی گاردی کۆمارییەوە توشی زیانێکی گیانی مەزن هاتن.

گەڕان بەدوای لاپەڕە پڕشنگدارەکانی پەیوەندی کوردو تورکمان دەیان نمونەی ترمان بۆ دەخاتەروو. رەنگە لەهەندێ قۆناغی تایبەتدا، بەتایبەتی لەماوەی حوکمی عەبدولکەریم قاسمدا (١٩٥٨ ـ ١٩٦٣) روداوی دڵتەزێن لەنێوان کوردو تورکمان دروست بوبێ، بەڵام ئەم روداوانە زۆر دەگمەن بوونو دوبارە نەبونەتەوە.

سەرباری مێژوو چارەنووسی هاوبەش کوردو تورکمان، کەوای کردوە هەردوو لایەن توانای ئەوەیان هەبێ پێکەوە بژین، چەندین خاڵی هاوبەش لەنێوان کوردو تورکماندا هتەیە کە رێگەیان بۆ پتەوکردنی دۆستایەتیو هاوکاری نێوان کوردو تورکمان خۆش کردوە.

رەنگە ئایین یەکێك بێت لەبەهێزترین ئەو هۆکارانەی کە بۆتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان کوردو تورکمان. وەك ئاشکرایە زۆربەی هەرە زۆری کورد موسڵمانن بە هەردوو مەزهەبی سوننەو شیعەوە، ئەم دۆخە لای تورکمانیش بەهەمان شێوەیە، واتە لەکاتێکدا کوردی موسڵمانی سوننەو شیعە هەیە تورکمانیش سەر بە هەردوو مەزهەبن. هاوئایینی نێوان کوردو تورکمان وایکردوە کە لەزۆربەی بۆنە ئایینیو کۆمەڵایەتییەکاندا هاوبەش بن، ئەمەش کاری کردۆتە سەر پتەوکردنی گیانی تەبایيو دۆستایەتی نێوان کوردو تورکمان.

هاوئایینی کوردو تورکمانو بردنەسەری ژیان لەیەك شوێنی جوگرافیدا دابو نەریتی کۆمەڵایەتی کوردو تورکمانی لەیەك نزیك کردۆتەوە، بەشێوەیەك کە کوردو تورکمان لەزۆربەی هەرە زۆری دابو نەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا هاوبەشن



ئەمەش هێزێکی تر دەبەخشێتە گیانی دۆستانەی هەردوولا.

خاڵێکی سەرەکی تر لەپەیوەندی نێوان کوردو تورکمان ئەوەیە کە تورکمان لەهەرێمی کوردستانی عیراقدا بەپێی رێژەیان نەتەوەی ژمارە دوون، لەپاش کورد. رێژەی تورکمان لەهەرێمی کوردستاندا لەنێوان ٨ ـ ٧٪ی سەرجەم دانیشتوانەکەیەتی، کە بێگومان ژمارەیەکی زۆرە. بوونی ژمارەیەکی زۆری تورکمان لەهەرێم ئەو راستییە بەسەر دەسەڵاتدارانی هەرێمدا دەسەپێنێ کە تورکمان وەك راستییەکی مێژوویی ـ سیاسی قبوڵ بکەنو بەپێی ئەم واقیعە مامەڵەی لەگەڵ بکەن.

گرفتێك هەیە کە هەندی جار لەلایەن هەندێ توندڕەوی تورکمانەوە باس دەکرێتو رەخنەی لێ دەگیرێ ئەویش وشەی کوردستانە. بەبۆچونی ئەوان ئەگەر کوردستان جێی هەموو ئەو گروپە ئیتنییانە بێت (کورد، تورکمان، عەرەب، ئاشوری) چ

پێویست دەکات بە کوردستان ناو ببرێت؟ رەنگە دروستبونی ئەم ئیشکالییەتە لەوەوە رێچکەی گرتبێ کە تێگەیشتنێکی نادروست هەیە بۆ ماناو چەمکی کوردستان.

لەراستیدا هەرچەندە ناوی کوردستان لەسەدەی دوانزەی زاینیدا بۆ یەکەمین جار بەکار هات تاوەکو ئاماژە بەو وڵاتە بدات کە بەشی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی کورد بون، واتە مانایەکی نەتەوەیی هەبوە. بەڵام بەکارهێنانی ئێستای ئەم چەمکە لەوە دەرچوە کە بەتەنها مانایەکی نەتەوەیی بێت، هێندەی ئێستا وەك چەمکێکی مێژوویی ـ نەتەوەیی بەکار دێتو ئەوەندە مانایەکی ئیتنی یان نەتەوەیی رونی نییە، نمونەی ناوی مێژوویی ـ نەتەوەیی لەجیهاندا زۆرن دەتوانین چەندین حاڵەت لێرەدا باس بکەین.

بولگاریا یان بولگارستان ئێستا ناوی وڵاتێکە کە لەبنەڕەتدا لەسەر ناوی نەتەوەی بولگار داتاشراوە،



بەڵام سەرباری ئەم ناوە نەتەوەو گەلی تری وەك گەلی تورك، لەم وڵاتەدا دەژینو بەگشت مافەکانی هاووڵاتیبوون یاسایی‌و سیاسی ئەم وڵاتە شادن.

تورکیاش نمونەیەکی تری ئەو دەوڵەتانەیە کە ناوی لەسەر ناوی نەتەوەی تورك داتاشراوە، بەڵام سەرباری ئەمە چەندین نەتەوەی تر، وەکو عەرەبو کوردو لازو چەر کەس لەم وڵاتەدا دەژین.

فەرەنسا لەدێر زەمانەوە، زیاتر لە ١٠٠٠ ساڵە، بەم ناوە ناسراوە کە لەسەر ناوی نەتەوەی فەرەنسا داتاشراوە. کەچی چەندین نەتەوەی تری وەکو باسكو کۆرسیکی.... هتد، لەفەرەنسا دەژینو شانازی بەوە دەکەن کە هاووڵاتی وڵاتێکن ناوی فەڕەنسایە.

روسیای فیدراڵیو پۆڵەنداو ئۆزبەکستانو ئیسپانیا چەندین نمونەی تری ئەو وڵاتانەن کە سەرەڕای ئەوەی وڵاتەکە ناوێکی مێژوویی ـ نەتەوەیی هەیە کەچی چەندین نەتەوەو گروپی ئیتنی جیا جیا تێیدا دەژین.

هاوبەشی تورکمانەکانو سەرجەم گروپە ئیتنییەکانی تری کوردستان لەمێژوو و چارەنوسی گەلی کوردستان ئەو مافە بۆ تورکمانەکان فەراهەم دەکات کە هاولاتییەکی رەسەنی ئەم نیشتمانو کۆمەڵە بنو بەگشت مافە سیاسیو یاساییەکانی هاوولاتیبوون شادبن.

ئاشکرایە کە مافی هاوولاتیبوون بەهەرسێ ئاستەکانییەوە یاساییو سیاسیو کۆمەلایەتی بەردی بناغەی هەر کۆمەڵێکی مەدەنیو دیموکراتە. لەکۆمەڵی دیموکراتدا گشت هاوولاتیان لەرووی یاساییەوە یەکسانن، واتە ئەم هاوولاتییانە بەرامبەر بە یاساو مافەکانی مولکداریتیو هاتوچۆو دامەزراندن بەیەك چاو سەیر بکرێن.

لەلایەکی ترەوە مافی هاوولاتیبونی سیاسی مانای ئەوەیە کە هەر هاولاتییەك بێ جیاواز مەزهەبو ئایینو رەگەز، بۆی هەبێ بۆچونی سیاسی تایبەتی خۆی هەبێو بەشدار بێت



لەدروستکردنی بڕیاری سیاسیو بەرێوەبردنی ولاتدا.

هاوولاتیبوونی کۆمەلایەتی مانای ئەوەیە دەولەت تا ئاستێك چەند مافێکی کۆمەلایەتی، وەك خوێندن بۆ گشت هاوولاتیان فەراهەم بکات، بەجێبەجێکردنی مافی هاولاتیبوونی تەواو بەپێی ئەم پێوەرانەی لەسەرەوە باسمان کرد زۆر لایەنی گرفتە ئیتنیو مەزهەبییەکان چارەسەر دەکرێت.

ئەزمونی ئێستای دەسەلاتی کورد ئەوەی سەلماندوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگشت هەنگاوەکانو بڕیارەکانیدا بەچاوێکی یەکسان سەیری تورکمانی کردوە بە هاولاتی ژمارە دوو سەیری نەکردووە. بەخشینو پاراستنی مافی هاوولاتیبوون بە تورکمانەکانو پێش ئەوەی ئەرکێکی سیاسیو رەنگدانەوەی پێداویستییەکانی کۆمەلی مەدەنیو دیموکراتیەت بێت ئەرکێکی نیشتمانییە بەو پێوەرەی کە تورکمان، وەکو کوردو

ئاشووری، بەشێکی گرنگی مێژوو جوگرافیاو کۆمەڵی کوردستان پێك دێنن.

بەکورتی فەرهەم کردنی مافەکانی هاووڵاتیبوون بۆ تورکمانو پێشخستنو گەشەپێدانی ئەم مافانە ئەرکی حکومەتی هەرێمە، بەپێچەوانەوە پێشێلکردنی ئەم مافانە پێشێلکردنی بەشێك لەمافە دیموکراتیەکانی گەلی کوردستانە.

## بەشی دووەم

# تورکمان، مێژووی پەیدابونیانو هاتنیان بۆ ناوچەکە

تورکمانەکان بەڕەچەڵەك دەگەڕێنەوە سەر ئەو خێڵە تورکمانانەی کە بۆ یەکەمین جار لەناوەڕاستی سەدەی ١١ی زانینیدا لەگەڵ شەپۆلی هاتنی سەلجوقییەکان بۆ ئێرانو عیراق هاتنە ناوچەکەمان. لەڕووی مێژووییەوە ناوی تورکمان بۆ یەکەم جار لەلایەن جوگرافیناسی ناوداری عەرەب ئەلمەقدسییەوە لەسەدەی دەی زاینیدا بەکارهاتووە[٢٧٤/٤]. ئیتر لەو سەدەیە بەدواوە ناوی تورکمان کەوتە سەر لاپەڕەکانی مێژوو.



تاکو ئێستا مەسەلەی مانا و ئەسڵی وشەی تورکمان بۆ لێکۆڵیارانو مێژوونوسان یەکلا نەبۆتەوەو راوبۆچونەکان سەبارەت بە وشەی تورکمان جیاوازییەکی بەرچاویان پێوە دیارە.

هەندێ سەرچاوە وای بۆ دەچن کە وشەی تورکمان لێکدراوی هەردوو وشەی (تورك + مان) واتە تورکی رەسەن یان تورکی مەزن[٣٥/٥] بێت، ئەم بۆچونە زیاتر لای خودی لێکۆڵیارە تورکمانو تورکەکان بەدی دەکرێت. بۆچونێکی تریش هەیە پێی وایە ئەم ناوە لەدوو وشەی (تورك + ئیمان) هاتوە، واتە ئاماژەیە بۆ ئەو تورکانەی بونەتە موسڵمانو خاوەن ئیمانن[٣٥/٥]. هەروەها چەند سەرچاوەیەکی تریش پێیان وایە کە ئەم ناوە لەوشەی عەرەبی (ترجمان)ەوە هاتوە[٢١/٦]، ئەویش گوایە کاتێك هەندێ تورك لەکاتی هێرش لەشکری ئیسلامی بۆسەر ناوچە تورك نشینەکانی ئاسیای ناوەڕاست کاری وەرگێڕی (ترجمە) یان لەنێوان

لەشکری ئیسلامو تورکەکان دەکرد، ئەم گروپە، بەپێی قسەی ئەم سەرچاوانە، لەئایندەدا نەتەوەی تورکمانیان پێکهێنا.

ئێرانییەکان رایەکی تریان سەبارەت بەم مەسەلەیە هەیە، ئەوان پێیان وایە کە وشەی تورکمان لەدوو وشەی (تورك + مانند)ەوە هاتووە، واتە شێوە (مانند) تورکەکان، گوایە ئەم وشەیە بەو خێڵانە وتراوە کە لەئاسیای ناوەڕاست نیشتەجێ ببوونو بەزمانی تورکی قسەیان دەکرد، بەڵام شێوەو سیمایان لەتورك نەدەچو بۆیە پێیان وتراوە تورکمانند (تورکمان) واتە شێوە تورك[٧/٣١٢].

سەبارەت بەڕەچەڵەکی تورکمانەکان زۆربەی لێکۆڵیارانو مێژوونوسانو ئێستا لەسەر ئەوە کۆکن کە رەچەڵەکی تورکمان لەئەنجامی تێکەڵ بوونی هەردوو رەگەزی ئێرانیو تورك لەنێوان سەدەی ٨ ـ ١٠ی زایینی لەناوچەی ئاسیای ناوەڕاست پەیدا بووە[٧/٣١٣/ج٢].



پسپۆڕانی ئەم بوارە پێیان وایە کە بەهۆی شەپۆلی داگیرکردنی ئاسیای ناوەڕاست لەلایەن خێڵە تورك زمانەکانەوە زۆر لەو نەتەوانەی کە پێشتر بەشێوەیەك لەشێوەکانی زمانی ئێرانی قسەیان دەکرد زمانی رەسەنی خۆیان لەدەست داو زمانی تورکی شوێنی گرتەوە. ئەم نەتەوانە هەرچەندە بە تورکی قسەیان دەکرد بەڵام شێوەو روخساریان هەر لەهیندو ـ ئێرانی دەچوو[٧/٣١٣/ج٢]. ئەمەش وای کرد کە دراوسێکانیان، وەکو فارسەکان، پێیان بڵێن تورك + مانند، واتە ئەوانەی لەتورك دەچن بەم شێوەیە تورکمانەکان لەئاسیای ناوەڕاست دوای تەواو بوونی ئەو پرۆسە مێژووییە دروست بوونو بەسەر ناوچەکانی ئێرانو تورکیاو کوردستانو سوریاو عیراقدا بلاوبوونەوە.

## هاتنیان بۆ ناوچەکە

هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، سەدەی یازدە سەرەتای هاتنی خێڵە تورکمانەکان بوو بۆ ناوچەکەمان، لەم سەدەیەدا خێڵە تورکمانەکان بە شێوەیەکی فراوان بەسەر کوردستانو ئێرانو تورکیادا بڵاوبونەوە. سەرباری ئەوەی تورکمانەکان لەم سەدەیەی هاتنە کوردستان بەڵام شێوازی ژیانی خێڵەکی ئەوسای تورکمانەکانو ناجێگیربوونیان لەناوچەیەکی دیاریکراو پرۆسەی نیشتەجێبوونی تورکمانەکانی بۆ چەند سەدەیەکی تر دواخست. لەم سۆنگەیەوە وێڕای هەبونی چەند سەدەیەکی تر دواخست. لەم سۆنگەیەوە وێڕای هەبونی چەند میرنشینێکی تورکمانی لەسەدەی دوازدەهەم، کەچی میرنشینێکی تورکمانەکان لەهیچ شوێنێکی کوردستان بە بەردەوامی نیشتەجێ نەبوون، دوای هاتنی مەغۆلەکان لە (١٢٥٨) ژمارەی ئەو خێڵە



تورکمانە گەڕۆکانە زۆر کەم بۆوە. ئەویش لەبەر کۆچکردنی زۆر لەخێڵە تورکمانەکان بۆ سوریاو تورکیا.

لەکۆتایی سەدەی چواردەهەمو سەرەتای سەدەی پانزەهەم دوو میرنشینی تورکمانی لەکوردستانی تورکیا پەیدا بوونو پاش ماوەیەکیش چەند ناوچەیەکی وەك کوردستانو عێراقو ئێرانیان داگیرکرد[٣٤/٨].

لەم سۆنگەیەوەو بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان سەدەی پانزەهەم سەرەتای نیشتەجێ بوونی بەردەوامی تورکمانەکان بووە لەهەرێمی کوردستان بەگشتیو لەشاری کەرکوك بەتایبەتی. لەم سەدەیەدا بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان چەند میرێکی سەر بە دەوڵەتی قەرەقۆینلو لەکەرکوك جێگیر بوون[٣٤/٨]. ئەم نیشتەجێ بوونەی تورکمانەکان بەکەرکوك سەرەتای نیشتەجێ بوونی تورکمانەکان بوو لەهەرێمی کوردستان.

پاش نەمانی قەرەقۆینلو لەعیراق، دەوڵەتی ئاق قۆینلو تورکمانی هاتنە سەرکارو پاشانیش سەفەوییەکان کە دەسەڵاتی خۆیان لەڕێی ٧ هۆزی گەورەی تورکمانییەوە چەسپاند، بۆ ماوەی ٧ ساڵ (١٥٠٧ ـ ١٥١٤) هەرێمی کوردستانی عیراقیان داگیرکرد، ئەم داگیرکردنە بووە مایەی زیادبوونی رێژەی تورکمانەکان لەهەرێم.

ئاشکرایە کە هەرێمی کوردستان لەدوای شەڕی چاڵدیران (١٥١٤) کەوتە ژێر رکێفی عوسمانییەکانەوە. ئەم دەسەڵاتە تازەیە هەرچەندە تاکو ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم دانی بە سەربەخۆیی هەندێ لەمیرنشینە کوردەکاندا نابوو، بەڵام دەسەڵاتی خۆی لەهەندێ ناوچەی سەرەکی کوردستان، وەك کەرکوك‌و هەولێر، بەراستەوخۆیی‌و بەتوندی هێشتەوە.

شارەکانی کەرکوك‌و هەولێر بۆ دەسەڵاتدارانی عوسمانی گرنگییەکی ستراتیجی ـ عەسکەری تایبەتی



هەبوو. گرنگی شاری کەرکوك لەوەدا بوو کە کەوتبوە سەر رێگای سەرەکی ئەستانە (ئەستەمبول) و بەغدا لەلایەك‌و لەلایەکی تریشەوە مەڵبەندی سەرەکی کۆکردنەوەی هێزی سەربازی بوو دژ بە میرنشینی بابان، کە بەردەوام لەشەڕو شۆڕدا بوو دژ بە دەسەڵاتدارانی بەغدا، بۆ ئەم مەبەستە بەپێی سەرچاوەکانی ئەو کاتە عوسمانییەکان گەورەترین سەربازگەی خۆیان لەعیراق لەنێو شاری کەرکوکدا دامەزراند بوو. مانەوەی ئەم ژمارە زۆرەی سەربازانی عوسمانی لەکەرکوك بووە هۆی دروستبونی تێکەڵی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەو زیادبوونی رێژەی تورکمانەکان لەناو شارەکە.

بەهەمان پێودانگ دەتوانین سەیری دۆخی تورکمانەکانی هەولێریش بکەین، کە سەربازگەیەکی عوسمانی تێدا بوو. بوونی ئێستای تورکمانەکان بەشێوەیەکی چڕ لەقەڵای هەولێرو کەرکوك

نیـشانەی ئـەم راسـتییەی سـەرەوەن، چـونکە جـاران قـــەلا شـــوێنێکی ســـەربازی بـــووە. بـــەهاتنی عوسمانییـــەکان رێـــژەی تورکمانـــەکانی هـــەرێم، بەتایبـەت تورکمـانی سـونی، لەهـەرێمی کوردسـتاندا زیادی کردووە.

ئاشـــکرایە کـــە چـــەندین هۆکـــاری ئـــابووریو رۆشنبیریو دارایـی کاریـان کردۆتـە سـەر زیـادبوونی رێژەی تورکمـان لـەماوەی دەسـەلاتی عوسمانییـەکالن لەعیراقـدا، بـــەلام رەنگـــە بـــەهێزترینیان هۆکـــاری ستراتیجی سەربازی بێت.

## بەشی سێیەم

## دابەشبونی تورکمانەکانو ژمارەیان لەهەرێمی کوردستاندا

هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، شوێنی نیشتەجێ بوونی تورکمانەکان لەسەرەتای هاتنیان بۆ هەرێمی کوردستانو عیراق مەڵبەندی سەرەکی شارەکانو رێگە ستراتیجییەکانی نێوان ئەستامبولو بەغدا بووە. تورکمانەکان هەر لەسەرەتای هاتنیان بۆ کوردستان، روخساری سەربازی بەئاشکرا باڵی بەسەر شێوەی ژیانیاندا کێشاوە، هەر بۆیە لەدابەشبونو نیشتەجێبوونیان لەکوردستانو عیراقدا ئەم شێوە ژیانەیان رەنگی داوەتەوە.



لەڕوی جوگرافییەوە تورکمانەکان بەشێوەیەکی سەرەکی کەوتونەتە سەر ئەو رێگە ستراتیجییەی کە لەماردینەوە دەست پێدەکاتو بەرەو باشوری رۆژهەڵات شۆڕدەبێتەوە تا دەگاتە شاری تەللەعفەرو پاشانیش موسڵ. قەزای تەللەعفەر زیاتر لە ٤٠٠ ساڵە مەڵبەندێکی سەرەکی تورکمانەکانە لەپارێزگای موسڵ. ناوەندی ئەم قەزایە تا سەردەمانێکی نزیك زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی تورکمانو سەر بە مەزهەبی شیعە بوون. بەڵام ئێستا بەهۆی تێکەڵاو بوونی شارەکە خێڵە بەدووەکانی عەرەب بەشێکی زۆری تورکمانەکان بە زمانی بابو باپیرانی خۆیان قسە ناکەنو بە زمانی عەرەبی دەدوێن.

هەرچەندە بەپێی قسەی گەریدە رۆژئاواییەکان، شاری موسڵ لەسەدەکانی ١٨ و ١٩ ی زاینیدا کەمینەیەکی بەرچاوی تورکمانی تێدا نیشتەجێ بووە، بەڵام حاڵی حازر ئەم کەمینەیە هیچ بوونێکی ئەوتۆیان لەناو شارەکەدا نییەو پێ دەچێ لەنێو

زۆرینەی عەرەبدا توابنەوە لەدەوروبەری شاری موسڵ. وردتر لەباشوری ئەم شارە دێیەکی تورکمانی بەناوی (یارمچە) هەیە کە ئێستا خەریکە لەگەڵ فراوانبوونی ئەم شارە دەبێتە بەشێك لەشاری موسڵ.

لەبەشی رۆژهەڵاتی شاری موسڵ ئێستا هیچ کۆمەڵگایەکی تورکمانی ئەوتۆ بەدی ناکرێ، لەم ناوچەیەدا چەندین لادێ هەن کە نازناوی تورکمانی رەسەنی وەك قەرەقۆینلوی سەروو خوارویان هەڵگرتوە، هەرچەندە هیچ تورکمانێکیشیان تێدا نییە، تەنانەت ئەو تورکمانانەشی کە تاکو پەنجاکانو شەستەکانی سەدەی رابردوو نیشتەجێی ناحیەی تەلکێفو حەمدانیە ببوون، ئێستا بەشی هەرە زۆریان خەریکە تێکەڵ بە زۆربەی کوردو عەرەب دەبن.

شاری هەولێر سەدان ساڵە ژمارەیەکی بەرچاوی تورکمانی تێدا هەیە لەسەدەکانی پێشوودا



تورکمانەکانی هەولێر زیاتر نیشتەجێی قەڵاکە ببوون، لەگەڵ فراوانبوونی شارەکە بەشێکی زۆری تورکمانەکان چونە گەڕەکە نوێکان، کەبەشی هەرە زۆریان لەکورد پێکهاتبوو. بەم شێوەیە تورکمانەکانی هەولێر لەنێو زۆرینەی کورددا بڵاوبونەوە، تورکمانەکان لەم شارەدا پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ دەوروبەرە کوردییەکەی خۆیاندا پێکهێناوە، بەجۆرێك کە تێکەڵبونێکی کۆمەڵایەتی تەواو لەنێوان کوردو تورکماندا هەیەو چەندین خێزانو بنەماڵەی تورکمان، یان کورد دەبینین کە رەگێکیان کوردەو ئەوی تریان تورکمانە.

تورکمانەکانی هەولێر سەر بە مەزهەبی سونی ـ حەنەفین. خەسڵەتی سەرەکی تورکمانەکانی هەولێر لەوەدایە کە ئیلتیزامێکی زۆریان بەدابو نەریتی کۆمەڵایەتیو ئاینییەوە هەیە، ئەم خەسڵەتە وای کردوە شێوازی پەیوەندییان لەگەڵ کوردەکان کراوەو جێگیر بێت.

تورکمانەکانی پارێزگاری هەولێر بەشێوەیەکی سەرەکی لەنێو شارەکەدا دەژین شارۆچکەی ئاڵتون کۆپری (پردێ) کە ٥٠ کیلۆ مەتر لەباشوری هەولێرەوە دووره لەسەر زێی بچوکەو ژمارەیەکی بەرچاوی تورکمانی تێدایە. لەنێوان شارۆچکەی پردێو شاری کەرکوك، کە ٤٢ کیلۆ مەترە. هیچ کۆمەڵگەیەکی تورکمانی بەدی ناکەین، رەنگە تاکو پەنجاکانو شەستەکانی سەدەی رابردووش چەند خێزانێکی تورکمانی لەناوچەی شوان، بەتایبەتی لەگوندی ئۆمەرمەندان، هەبوبێت، بەڵام بەهۆی کەمی ژمارەیانو تێکەڵبونیان لەگەڵ دەوروبەری زۆرینەی کورددا بەرە بەرە ئەم خێزانانە یان لەنێو کوردەکاندا توانەوە یان بەرەو کەرکوك کۆچیان کرد.

شاری کەرکوك مەڵبەندی سەرەکی تورکمانەکانی هەرێمی کوردستانە، چونکە بەشی هەرە زۆری تورکمانەکانی هەرێمو عیراق لەم شارەدا نیشتەجێ



بوون، تورکمانەکانی کەرکوك لەڕووی دابەشبونی جوگرافییەوە بەسەر چەند گەڕکێکی شاری کەرکوك‌و چەند دێو شارۆچکەی باشورو باشوری رۆژئاوای کەرکوکدا بڵاوبونەتەوە.

لەنێو شاری کەرکوکدا چەندین گەڕەکی تورکمانی بەدی دەکەین گەڕەکانی قۆریەو موسڵاو قەڵا نمونەی ئەو گەڕەکانەن کە بەشی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی تورکمانن هەندێ گەڕەکی شارەکە وەکو تسن، پێشتر بەشی هەرە زۆری تورکمان بوون بەڵام ئێستا ئەم تایبەتمەندییەی جارانی لەدەستداوە.

باشورو باشوری رۆژئاوای کەرکوك مەڵبەندێکی گرنگی تورکمانەکانە، لەم ناوچانەدا تورکمان بەسەر چەند دێو شارۆچکەیەکدا دابەشبوون. لەشاری کەرکوك دێی ترکەڵانو شارۆچکەی یایچیو تازەو داقوق‌و بێشیر بەشێکی زۆری دانیشتوانەکەی تورکمانن. خەسڵەتی سەرەکی دابەشبونی تورکمان

لەباشوری کەرکوك لەوەدایە کە بەشێکی زۆریان نیشتەجێی لادێو شاروچکەن، واتە گوندنشینن، ئەم خەسڵەتە، واتە بوونی تورکمانیی لادێیی لەناوچەکانی تری وەکو هەولێر، بەدی ناکرێت.

لەباشوری کەرکوك دەتوانین هێڵێکی وەهمی لەنێوان تورکمانی شیعەو سوننەدا بکێشین، ئەم خەتە لەباکورەوە بەداقوقو بێشیر دەستپێدەکات تادەگاتە دوزو قەرەتەپەو ئامرلیو قزرەباتو مەندەلی، هەرچەندە تورکمانە شیعەکان بەشێکی تورکمانەکانی شاری کەرکوك پێکدێنن، بەڵام جێی سەرەکییان دەکەوێتە باشوری ئەم شارەوە.

لەباشوری کەرکوك شارۆچکەکانی تازەو لەیلانو داقوقو دوز ژمارەیەکی بەرچاوی تورکمانیان تێدا هەیە. ئەگەر بەرەو خواریش شۆڕببینەوە دەبینین تورکمانەکان بەسەر چەند شارو شارۆچکەیەکدا، وەك شارەبان (مقدادیە)و قزرەباتو کفریو خانەقینو مەندەلیدا، بڵاوبونەتەوە، بەڵام لەهیچ



شوێنێکی ئەم ناوچانە زۆرینەی دانیشتوان پێك ناهێنن. شاری مەندەلی تاکو پێش شەڕی عیراق - ئێرانیش چەندین بنەماڵەی تورکمانی تێدا بوو، بەڵام دوای گواستنەوەو دوبارە ئاوەدانکردنەوەی شارەکە تورکمانی تێدا نەماوە.

گرفتی سەرەکی دابەشبونی جوگرافی تورکمانەکانی عیراق لەوەدایە کە بەسەر ناوچەیەکی زۆر فراواندا (تەللەعفەر تاکو مەندەلی) بڵاوبونەتەوە بێ ئەوەی لەهیچ شوێنێکی ئەم ناوچانە زۆرینەی دانیشتوانەکە پێکبێنن.

ناوچەکانی دابەشبونی تورکمانەکان پچڕ پچڕو لەیەکدابڕاونو هەندێکیان دەیانو بگرە سەدان کیلۆمەتری لەنێوان هەیە. ئەم گرفتە جوگرافییە وای کردوە کە تورکمانەکانی کوردستانی عیراق لەهیچ شوێنێکدا توانای ئەوەیان نەبێ قەوارەیەکی جوگرافی - ئیداری دروستبکەن کە تیایدا زۆرینەی دانیشتوانەکەی بن، ئەم دۆخە جوگرافیو

ديموگرافييە نالەبارە كاريگەرييەكی راستەوخۆی كردۆتە سەر دۆخو داواكارييە سياسييەكانی توركمانەكان.

## ژمارەی توركمانەكانی هەرێمی كوردستان

مەسەلەی ژمارەی توركمانەكانی هەرێمی كوردستانو عيراق حاڵی حازر جێی مشتومڕێكی سياسی فراوانە، ئەم مەسەلەيە هەرچەندە لەبنەڕەتدا مەسەلەيەكی ديموگرافييەو بەندە بەو ئامارو سەرژمێرييانەی كە لەعيراقدا كراون بەڵام لەبەر چەند مەبەستێكی سياسیو ستراتيجی شێوازی سياسی لەخۆگرتوە.

سەرچاوە توركمانييەكان بە هيچ شێوەيەك يارمەتی ئەوەمان نادەن كە ديدێكی روونو وردمان سەبارەت بە ژمارەی توركمانەكانی هەرێمو عيراق لادروست ببێ. ئەم سەرچاوانە زيادە رۆييەكی فراوان لەژمارەی توركماندا دەكەن، بەشێوەيەك



هەندێكيان باس لەرێژەی ١٠٪ دانيشتوانی عيراقو نزيكەی ١٥ — ٢٠٪ مليۆن كەس دەكەن![٣٦/٥].

لەلايەكی ترەوە سەرچاوە حكومييەكان، بەتايبەتی دوای ساڵی ١٩٥٨، بەشێوەيەكی نادروستو بەمەبەستی سياسی رووت هەوڵيان داوە ژمارەی توركمانەكانو سەرجەم كەمينەو نەتەوەكانی عيراق، جگە لەعەرەب، كەم بكەنەوە. بۆ ئەم مەبەستە ژمارەی توركمانەكانيان تا ئاستێكی بەرچاو كەمكردۆتەوەو. بۆ خۆ دەربازكردن لەم دوو گرفتەی سەرەوە رەنگە گەڕانەوە بۆ سەرژمێرييەكانی سەردەمی پاشايەتی، بەتايبەتی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧، يارمەتی ئەوەمان بدات كە ديدێكی نزيك لەواقيعەوە سەبارەت بەم كێشەيە لا گەڵاڵە بێ.

سەبارەت بەرێژەو ژمارەی توركمانەكانی هەرێمی كوردستان رەنگە باشتر وابێت كە سەرەتا ژمارەو رێژەی توركمانەكانی هەرێم لەيەك بەيەكی

پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان باس بکەین، پاشان کۆی گشت ژمارەو رێژەی تورکمانەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق بخەینە روو.

### رێژەو ژمارەی
### تورکمانەکانی هەرێم بە پێی پارێزگا

ئاشکرایە کە چەند پارێزگایەکی هەرێمی کوردستان (دهۆكو سلێمانی) رێژەیەکی ئەوتۆی تورکمانی تێدا نییە کە شایەنی باسکردنو ئاماژە پێکردن بێت.

تورکمانەکانی هەرێمی کوردستان بەسەر چەند ناوچەیەکی پارێزگای موسڵو هەولێرو کەرکوكو دیالەدا دابەش بوون. بۆیە پێویستە بەپێی ئەم دابەشبونە دیموگرافییە ژمارەو رێژەی تورکمانەکانی هەرێم هەڵبسەنگێنین.



### ١ـ پارێزگای موسڵ

هەرچەندە بەشێکی تورکمانەکانی پارێزگای موسڵ لەنێو شاری موسڵدا دەژینو ناکەونە نێو سنوری هەرێمی کوردستان، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری تورکمانەکانی موسڵ لەقەزای تەللەعفەر دەژین کە بەشێکە لەهەرێمی کوردستانی عیراق.

ساڵی ١٩٢٤ کۆمەڵەی گەلان بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی مەسەلەی موسڵ، کە ئەوسا جێی مشتومڕو ململانێی نێوان بریتانیاو تورکیا بوو. کۆمیتەیەکی هاوبەشی بەناوی کۆمیتەی لێکۆڵینەوە پێکهێناو یەکێ لە ئەرکەکانی ئەم کۆمیتەیە خەملاندنی ژمارەی نەتەوەو مەزهەبەکانی ویلایەتی موسڵ. بە کەمینەی تورکمانەوە، بوو.

دوای لێکۆڵینەوەی ئەم کۆمیتەیە سەبارەت بە پێکهاتەی نەتەوایەتیو ئاینی پارێزگای موسڵ، ئەم

کۆمیتەیە بۆی دەرکەوت کە ژمارەی تورکمانەکانی پارێزگای موسڵ ٩,٧٥٠ کەسە لەکاتێکدا ژمارەی عەرەب ١١,٩٥٠٠ کەس‌و کورد ٨٨ هەزار فەلە ٥٥ هەزار بوو[(٢٣٤/٩)].

بەپێی ئەم راپۆرتەی کۆمیتەی لێکۆڵینەوە کۆی سەرجەم دانیشتوانی پارێزگای موسڵ، کە ئەوسا پارێزگای ئێستای دهۆکیشی دەگرتەوە، نزیکەی ٢٧٣ هەزار کەس بووە بەم پێیە رێژەی تورکمانەکان ساڵی ١٩٢٤ بەپێی ئەم کۆمیتەیە نزیکەی ٢,٧٪ی کۆی ژمارەی دانیشتوانەکەی بوو.

ئەگەر بێت‌و ئاماری ساڵی ١٩٥٧ بکەینە سەرچاوە ئەوا ژمارەی تورکمانەکانی پارێزگای موسڵ نزیکەی ٣٦ هەزار کەس بوو لەکۆی ٧٥٥ هەزار کەس کە ژمارەی سەرجەم دانیشتوانی پارێزگای موسڵ بووە[(٧١/١٠)]. بەم پێیە رێژەی تورکمانەکانی موسڵ بەراورد لەگەڵ کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە ٤,٨٪ بووە.



## ٢- پارێزگای هەولێر

بەپێی خەملاندنی کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی سەر بە کۆمەڵەی گەلان، پێکهاتەی نەتەوایەتی‌و ئاینی پارێزگای هەولێر لەساڵی ١٩٢٤دا بەم شێوەیە بووە:

کورد ١٧٠,٧٥٠ کەس، عەرەب ١١,٧٠٠ کەس، مەسیحی ٣,٩٠٠ کەس، تورکمان ٢,٧٨٠ کەس، جولەکە ٢٧٥٠ کەس[(١٢٠/٩)]. واتە لەکۆی ١٩١٨٨٠ کەس رێژەی تورکمانەکان ٢٥٪ی کۆی دانیشتوانەکەی بووە، لەکاتێکدا رێژەی کورد نزیکەی ٨٥٪و عەرەب ٦٪و جولەکە ٢,٤٪ی دانیشتوانی ئەم شارە بووە.

رێژەی تورکمانەکانی هەولێر لەئاماری ساڵی ١٩٥٧دا هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهات. بەپێی ئەم سەرژمێرییە ژمارەی تورکمانەکانی هەولێر ٦٨٧٣ کەس بوو. لەکاتێکدا کۆی ژمارەی ئەم پارێزگایە ٢٧٣٣٨٣ کەس بوو[(٧١/١٠)].

بەپێی ئەم ئامارانەی سەرەوە دەردەکەوێ کە ساڵی ١٩٥٧ ڕێژەی تورکمانەکانی هەولێر بە بەراورد لەگەڵ کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە ٢,٥٪ بووە ئەمەش هەر هەمان ڕێژەی ساڵی ١٩٢٤ ە.

شایەنی ئاماژە پێکردنە بەپێی ئاماری ١٩٥٧ ژمارەی تورکمانەکانی عیراق ١٣٦١١٦٥ کەس بووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ نزیکەی ٨٪ تورکمانەکانی عیراق لەهەولێر دەژیان.

## ٣- پارێزگای کەرکوک*

مەسەلەی پێکهاتەی نەتەوایەتیو ئاینی پارێزگای کەرکوک گرنگییەکی تایبەتی هەیە چونکە ئەم شارە بەهۆی پێگەی ستراتیجیو سەروەتو

* دیارە مەبەست لەپارێزگای کەرکوک بەو سنورەی ساڵی ١٩٥٧ ـ ە کە تاکو کفری درێژ دەبۆوە



سامانی نەوتەوە بۆتە جێی ململانێی نێوان گروپە سیاسیو حکومەتە جیاجیاکانی عیراق.

زۆربەی هەرە زۆری سەرچاوە تورکمانییەکان باسی ئەوە دەکەن کە شاری کەرکوک مەڵبەندی تورکمانەکانەو شارێکە زۆربەی دانیشتوانەکەی تورکمانن، بەڵام بەپێی سەرچاوە مێژووییەکانو ئامارە ڕەسمییەکانی حکومەتی پاشایەتی عیراق، بریتانیو کۆمەڵەی گەلانو حکومەتی پاشایەتی عیراق، کورد گەورەترین گروپی ئەم پارێزگایەی پێکهێناوە.

ئامارە خەمڵێندراوەکەی گەلانی ساڵی ١٩٢٤ بەم شێوەیە پێکهاتەی کەرکوکی خستۆتە ڕوو: ژمارەی کورد ٨٧ هەزار کەسەو نزیکەی ٦٣٪ی دانیشتوان پێکدێنێ، ژمارەی عەرەب ٢٥ هەزار کەسە کە دەکاتە ١٨٪ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە، کەچی ژمارەی تورکمانەکانی کەرکوکی بە ٢٦ کەس خەمڵاندووە کە دەکاتە ١٩٪ کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە[٩/١٠].

لەلایەکی ترەوە سەرچاوە رەسمییەکانی حکومەتی عیراق لەساڵی ١٩٢٤ ئامارو ژمارەی جیاوازیان سەبارەت بە پێکهاتەی نەتەوایەتیو ئاینی ئەم پارێزگایە خستۆتە روو.

بەپێی ئامارەکانی حکومەتی بەغدا، ژمارەی کوردەکانی کەرکوک ٨١,٤٠٠ کەس بووە کە رێژەی ٥٩,٥٪ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکەی پێکهێناوە، ئەم ئامارانە ژمارەیلا تورکمانەکانی کەرکوکیان بە ٢٧,٧٠٠ کەس خەملاندووە کە دەکاتە ٢١٪ی کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە هەرچی عەرەبیشە ژمارەیان ٢٦٦٥٤ کەس بووەو رێژەی ١٩,٥٪ی پارێزگاکەیان پێکهێناوە[٩/١٠].

لەسەرێکی ترەوە د. فالْ حسێن پێی وایە کە رێژەو ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوکی ساڵی ١٩٢٤ بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

کورد ٤٧,٥٠٠ بەرێژەی ٤٢,٥٪ پارێزگاکە.

عەرەب ٣٥,٦٠٠ بەرێژەی ٢٨٪ پارێزگاکە.



تورکمان ٢٦,١٠٠ بەرێژەی ٢٣٪ پارێزگاکە.

مەسیحی ٢,٤٠٠ بەرێژەی ٢٪ پارێزگاکە.

بەپێی سەرچاوە نارەسمییەکانی حکومەتی بەغداو، بەپشت بەستن بە کتێبی (الاحصاء الرسمي في العراق ١٩٤٧) کە لەساڵی ١٩٥٤ لەبەغدا دەرچووە، رێژەی تورکمان لەپارێزگای کەرکوک ٢٠٪ بووە کەچی ئەم رێژەیە سەبارەت بە کورد ٥٣٪ بووە[١٥٤/١١].

رێژەی تورکمانەکانی کەرکوک لەسەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە، بەپێی ئەم سەرژمێرییە ژمارەی تورکمانەکانی کەرکوک گەیشتۆتە ٨٣٣٧١ کەس لە کۆی ٣٨٨٨٢٩ کەس کە کۆی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە بووە. بەم پێیە رێژەی تورکمانەکانی کەرکوک لەسەرژمێری ساڵی ١٩٥٧دا نزیکەی ٢١,٤٪ بووە، لەکاتێکدا رێژەی کورد ٤٨,٣٪ی پێکهێناوە[٣١/١١].

## ٤ـ پارێزگای دیالە :

تورکمانەکان لەپارێزگای دیالەدا رێژەیەکی کەم پێکدێنن. بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ ژمارەی تورکمانەکان لەم پارێزگایەدا گەیشتە ٧٣٣٣ کەس لەکۆی ٣٢٩٨٣٦، بەمەش رێژەی تورکمانەکانی ئەم شارە لە ٢,٥٪ تێنەپەڕیوە.

لایەنێکی گرنگی لەمەسەلەی دابەشبونی تورکمانەکان بەسەر پارێزگاکانی هەرێمو عیراقدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە رێژەی تورکمانەکان لەهەندێ شارو شارۆچکەدا زۆر کەم بۆتەوە، کەچی لەهەندێ شوێنی تر زیادی کردووە. بۆ نمونە ساڵێ ١٩٢٠ تورکمانەکانی موسڵ نزیکەی ٣٣,٣٪ی کۆی سەرجەم تورکمانەکانی عیراقیان پێکهێناوە، لەکاتێکدا ئەم رێژەیە ساڵی ١٩٥٧ بۆ ٢٦,٥ دابەزیوەو ساڵی ١٩٧٧ بۆتە ٧,٣٪ کەچی رێژەکانی پارێزگای



کەرکوك بەپێچەوانەوە بوون، واتە لەساڵی ١٩٢٠ تورکمانەکانی ئەم پارێزگایە تەنها ٤٥,٥٪ی کۆی تورکمانەکانی عیراقیان پێکهێناوە، کەچی ئەم رێژەیە لەساڵی ١٩٥٧دا گەیشتۆتە ٦١٪ ساڵی ١٩٧٧یش ٧٠٪ کۆی تورکمانەکانی عیراقی پێکهێناوە[٧٦/١٠].

ئەم جوڵەیەی رێژەی تورکمانەکانی پارێزگاکان لە هەولێریش بەدی دەکرا کە ساڵی ١٩٢٠ زیاتر لە ١٣٪ تورکمانەکانی عیراقی تێدا بوو کەچی ساڵێ ١٩٥٧ بۆ ٥٪ دابەزی، هەروەها ئەم رێژەیە لەپارێزگاکانی دەرەوەی هەرێم زۆر زیادی کردووە لەساڵی ١٩٢٠ تەنها ٧٪ تورکمانەکانی عیراقیان پێك دەهێنا. کەچی ساڵی ١٩٧٧ لە ١٦٪ی کۆی تورکمانەکانی عیراق تێپەڕی[٧٦/١٢].

بەپێی ئەم ئامارو رێژانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بەهۆی کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر لەتورکمانەکانی موسڵو هەولێر بۆ کەرکوكو پارێزگاکانی عیراق، رێژەیان لەهەولێرو موسڵ زۆر

دابــــەزیوە، بەپێـــچەوانەوە ڕێـــژەیان لـــەپارێزگای کـەرکوكو پارێزگاکـانی تـری عیراقـدا لـەم ماوەیـەدا زۆر زیادی کردووە.



## کۆی گشتی
## ژمارەو ڕێژەی تورکمانەکانی هەرێم

بەپـــێی سەرچـــاوە بریتانییـــەکان، ژمـــارەی تورکمانەکانی ویلایەتی موسڵ لەنێوان ساڵانی ۱۹۱۹ - ۱۹۲٤ دا ۳۸٦٥۲ بـــووو، واتـــە نزیکـــەی سەرچـــاوە تورکییـــەکان لـەکۆنگرەی لـۆزانی سـاڵی ۱۹۲۱ باسـی ئەوەیان کردبوو کە ژمارەی تورکمانـەکانی ویلایـەتی موسـڵ ٦٥٨٩٥ کەسـن کـە دەکاتـە نزیکـەی ۸٪ ڕێـژەی دانیـشتوانەکەی(۹۱/۱۱). ڕەنگـە ئـەم ئامـارو ژمـارەو ڕێژانــە کــۆنترین ئــەو سەرچــاوە بــن کــە باســیان لـەئامارو ڕێـژەی تورکمانـەکانی ویلایـەتی موسـڵو هەرێمی کوردستان کردبێ.

سەرژمێری ساڵی ۱۹٥۷ ژمارەیەکی وردی سەبارەت بـــە تورکمانـــەکان خـــستۆتە ڕوو. بەپـــێی ئـــەم

سەرژمێرە سەرجەم ژمارەی تورکمانەکانی عیراق ١٣٦١٦٥ کەس بووە[١٩/١٣].

کەبەشی هەرە زۆریان، نزیکەی ٨٥٪ نیشتەجێی هەرێمی کوردستان بوون لەم سەر ژمێرەی دانیشتوانی عیراق ٦,٢٩٨,٩٧٦ کەس بوە. بەمەش ڕێژەی تورکمانەکانی عیراق بە بەراورد لەگەڵ کۆی دانیشتوانی عیراق ٢٪ بووە. بەڵام ئەم ڕێژەیە لەهەرێمی کوردستاندا زۆرتر بوەو نزیکەی ٧,٣٪ی کۆی دانیشتوانی هەرێمی پێکهێناوە[١١/ ١٥٠-١٥١].

بۆ ئەوەی بتوانین ژمارەیەکی نزیك لەراستیمان بۆ تورکمانەکانی ئێستای عیراقو هەرێمی کوردستان واتە (ساڵی ٢٠٠٢) چنگ بکەوێ، دەتوانین بەپشت بەستن بەسەرژمێری ساڵی ١٩٥٧و ڕێژەی تورکمان تیایدا (٢٪)، ژمارەو ڕێژەی ئێستای تورکمانەکانی هەرێمو عیراقمان دەست بکەوێ.

وەك ئاشکرایە ژمارەی دانیشتوانی ئێستای عیراق نزیکەی ٢٥ ـ ٢٦ ملیۆن کەس دەبێ. بەم پێیە ئەگەر



بێتو ڕێژەی تورکمان لەعیراقدا بە ٢٪ بژمێرین ئەوسا بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەی ئێستای تورکمانەکان لەسەرجەم پارێزگاکانی عیراق لەنێوان ٥٠٠ ـ ٦٠٠ هەزار کەسدایە.

سەبارەت بە ڕێژەو ژمارەی تورکمانەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق ئەم ڕێژەیە. وەك لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، ساڵی ١٩٥٧ نزیکەی ٧,٣٪ بوو ٨٥٪ تورکمانەکانی عیراق لەکوردستان بوون. بەم پێیە بە کەڵك وەرگرتن لەو ژمارەو ڕێژانەی سەرەوە ئەگەر ئێستا ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ٥ ملیۆن کەس بێت، ئەوسا بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەی تورکمانەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق لەنێوان ٤٠٠ بۆ ٤٥٠ هەزار کەسە.

وەکو لەسەرەوە بۆمان دەرکەوت، دابەشبونی جوگرافی تورکمان لەهەرێمی کوردستاندا زۆر پەرشو بڵاوەو بەشێوەی دورگە ئاسا لەنێو دەریایەکی زۆرینەی کورددا دەژین.

## بەشی چوارەم

## ژیانی سیاسی تورکمان

لەسەردەمی عوسمانییەکاندا تورکمانەکانی عیراق، لەبەر چەندین هۆکاری زمانەوانیو سیاسیو سەربازی... هتد، رۆڵێکی بەرچاویان لەبەرێوەبردنی دەسەڵاتی عوسمانی لەعیراقدا گێڕاوە.

رۆڵی سیاسی تورکمانەکان، لەماوەی حوکمی عوسمانی بۆ عیراق، بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ژمارەو قورسایی دیموگرافیی راستەقینەی تورکمانەکاندا هاوسەنگ نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە رۆڵێکی فراوانیان لەدامودەزگا ئیدارىو سیاسیو سەربازییەکاندا گێڕاوە. ئەم رۆڵە فراوانەی تورکمانەکان دوای نەمانی دەسەڵاتی عوسمانییەکان



لەعیراقو دروستبونی دەوڵەتی تازەی عیراق بەرتەسك بۆوەو بەرەو نەمان چوو.

تورکمانەکن بە ئاسانی نەیانتوانی خۆیان لەگەڵ بارودۆخی تازەی دوای نەمانی دەسەڵاتی عوسمانی لەعیراقدا بگونجێنن. لەراستیدا تورکمانەکان دوای دروستبونی دەوڵەتی عیراق تەنها رێژەی ٢٪ دانیشتوانیان پێك دەهێنا، ئەم رێژە کەمە نەیدەتوانی رۆڵێکی فراوان لەژیانی سیاسی عیراقدا بگێڕێ، سەرباری ئەوە خودی دەسەڵاتی بەغداش بوارێکی ئەوتۆی بۆ خواستو ئاواتەکانی کەمینەکانی نەدەدا.

تورکمانەکان پاش نەمانی دەسەڵاتی عوسمانی لەعیراقدا، لەچەندین بۆنەو هەڵوێستی سیاسی جیاجیادا ئەوەیان دەرخست کە دژ بە دۆخی سیاسی تازەن، بۆ نمونە ئەوان دژی هەڵبژاردنی فەیسەڵی کوڕی شەریف بوون بۆ پاشایەتی عیراقو هەوڵیاندا بورهانەدینی کوڕی سوڵتان عەبدولحەمید بکەن بە

پاشان عێراق، بەڵام ئەم هەوڵەیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی بریتانیاوە لەبار برا. هەربۆیە لەرۆژی دەنگدانی فەیسەڵ کوڕی شەریفدا دەنگیان پێ نەدا (٥١/١٤).

لەلایەکی تر تورکمانەکان لەمەسەلەی ویلایەتی موسڵ هەڵوێستیان وابوو کە ئەم ویلایەتە بگەڕێتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی تورکیا. ئەم رازەی تورکمانەکان بە ئاشکرا کاتێك دەرکەوت کە کۆمیتەی تایبەتی لێکۆڵینەوەی سەر بە کۆمەڵەی گەلان راپرسییەکی لەنێو خەڵکی ویلایەتەکەدا ساز کرد. ئەم راپرسییە بۆ ئەوە بوو راو بۆچونو مەیلی خەڵکانی ویلایەتەکە بۆ کۆمیتەکەو کۆمەڵەی گەلان ساغ بێتەوە، لەم راپرسییەدا زۆربەی هەرە زۆری تورکمانەکان رایان وابوو. کە پێویستە ویلایەتەکە بگەڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی تورکیا(٩/ ١٢٠-١٢١).

دوای ئەوەی کۆمەڵەی گەلان بڕیاریدا ویلایەتی موسڵ بلکێنێ بە دەوڵەتی تازەی عێراقو پاش



ئەوەی حکومەتی تورکیاش ساڵی ١٩٢٦ دانی بەو بڕیارەدا نا، ئیتر تورکمانەکا هیچ هیوایەکیان بەوە نەما کە بتوانن رۆڵێکی سیاسی فراوانتر بگێڕن، هەنر بۆیە لم مێژووە بەدواوە لەژیانی رۆژانەی خۆیان بوون.

نەمانی دەسەڵاتی عوسمانیەکانو پەراوێز بوونی رۆڵی سیاسی تورکمانەکان کاریگەری راستەوخۆی هەبوو لەسەر دابڕانی تورکمانەکان لەرووداوە هەرە گرنگەکانی ساڵانی ١٩٢٥ ـ ١٩٥٨ی عێراق. بەم پێیە دەبینین لەماوەی ئەم ٣٣ ساڵەدا تورکمانەکان بەشێوەیەکی ئاشکرا لەژیانی سیاسی عێراق دورکەوتبونەوەو هیچ جۆرە بەشداربونێکی چالاکیان لەژیانی سیاسی عیراقدا نەبوو(٢٥/١٥). لەم ماوەیەدا چەندین بزوتنەوەی پارتی سیاسی لەعیراقدا دروست بوون، کە هەندێکیان بە ئاشکراو هەندێکیان بەنهێنی کاریان دەکرد، کەچی لەنێو ئەم بزوتنەوەو پارتە سیاسییە نهێنیو ئاشکرایانەدا هیچ

پارتێكو بزوتنەوەیەكی سیاسی توركمانی (نهێنیو ئاشكرا) بەدی ناكەین. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە كە توركمانەكان لەم ماوەیەدا (١٩٢٥ - ١٩٥٨) بەتەواوی لەژیانی سیاسی عیراق دابڕابوون.

ڕەنگە كەمی ڕێژەی توركمانەكان پاساوێكی بەهێز نەبێت بۆ دابڕانو پەراوێزبوونی توركمان لەڕوداوو ژیانی سیاسی عیراق، چونكە سەرباری ئەم ڕێژەیە چەندین كەمینەی نەتەوەیی - ئاینی تری عیراق، وەك مەسیحییەكانو جولەكەكان، لەنێو هەندێ پارتی سیاسی عیراق، وەكو پارتی شیوعی عیراق، ڕۆڵێكی فراوانو هەندێجار سەرەكییان دەگێڕا، بۆیە دەكرێ ئەم دۆخە والێكبدرێتەوە كە خودی توركمانەكان خوازیاری بەشداربوونێكی سیاسی چالاكیان لەوداوە سیاسییەكانو ژیانی گشتیدا نەبووە.

لەسیو چلەكانو تاكۆتایی پەنجاكان توركمانەكان لەدەرەوەی هاوكێشە سیاسیەكانی عیراق مانەوە.



بەڵام بە بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ توركمانەكان بۆ چەند ساڵێكیش بێت هاتنەوە ناو گەرمەی ڕوداوەكان.

## توركمانەكان
## لەنێوان ساڵانی ١٩٥٨ - ١٩٦٣دا

یەكێك لەگرفتە سەختەكانی سەرانی توركمان پاش ساڵی ١٩٥٨ هەڵنەكردنیان بوو لەگەڵ حكومەتەكەی عەبدلكەریم قاسمو دۆخە سیاسیو ئابوریو كۆمەڵایەتییەی لەگەڵ خۆی هێنای. توركمانەكان لەماوەی ٥ ساڵی ئەم حكومی قاسمدا نەیانتوانی پەیوەندییەكی ئاسایی لەگەڵ ئەم حكومەتەدا پەیدا بكەن، بەڵكو بەپێچەوانەوە زۆر جار، لەبەر چەند هۆیەكی جیاجیا، كەوتە بەرەی دژایەتی كردنی ڕژێمی كۆماری.

لەراستیدا سەردەمی کۆماری چەنیدن گۆرانکاری ئابوریو کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆی هێنا، کە راستەوخۆ دژ بە بەرژەوەندی تورکمانەکان بوو. تورکمانەکان دەمێك بوو لەشارەکانی کەرکوكو هەولێر کاروباری بازرگانییان بەڕێوە دەبرد، بەم پێیە زۆر لەتورکمانەکان خاوەن موڵكو سەرمایەدار بوون. شۆڕشی ١٩٥٨ چەندین بیرو باوەڕی چەپی لەگەڵ خۆی هێناو چەندین بڕیاری گرنگی لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە دەرکرد کە تیایدا بەشێکی زۆری ئەرزو موڵکی دەرەبەگو سەرمایەدارەکان بەسەر خەڵکی رەشو رووت دابەش کرد. بەم شێوەیە تورکمانەکان لەروی ئابورییەوە تا ئاستێکی زۆر لەشۆڕشی ١٩٥٨ زەرەرمەند بوون.

لەدەستدانی ئیمتیازاتی ئابوری بۆ تورکمانەکان لەدەستدانی ئەو ئیمتیازە کۆمەڵایەتیو ئیدارییەی دەگەیاند کە لەزەمانی عوسمانییەوە بە تورکمانەکان بەخشرابوو. هەر بۆیە ئەم دۆخە کارێکی خراپی



کردە سەر پێگەی کۆمەلایەتی تورکمانەکان، بەتایبەتی لەشاری کەرکوك، ئەمەش پاڵی بە تورکمانەکانەوە نا گشت هەلی بۆ دژایەتی کردنی رژێمی کۆماری بقۆزنەوە.

لەلایەکی ترەوە نەیارانی حکومەتی قاسم، بەتایبەتی ناسیۆنالە عەرەبییە توندڕەوەکانو بەعسییەکان لەگەرمەی دژایەتیکردنیان بۆ رژێمی قاسم هەوڵیاندا کەڵك لەگشت نەیارانی قاسم وەرگرن، هەربۆیە ناسیۆنالیزمەکانو بەعسییەکان هاوکاری تەواوی تورکمانەکانیان دژ بە کۆمۆنیستو حکومەتی قاسم کرد.

ئاشکرایە خۆ تێهەڵقورتاندنی سەرانی تورکمان لەو ململانێ سەختەی کە لەنێوان قاسمو کۆمۆنیستەکان لەلایەكو بەعسیو ناسیۆنالیستەکان لەلایەکی تر لەئارادا بوو کارێکی ژیرانە نەبوو، ئاستی تێگەیشتنی نزمی سەرانی تورکمان بۆ سیاسەتو توانای تورکمانەکانی نیشان دەدا. بۆ

کەمینەیەکی بچوکی وەك تورکمان، کە ڕێژەیان لە ٢٪ی دانیشتوانە تێناپەڕێ‌و بەشداری کردن لەو ململانێیە کارێکی مەترسیدارو خەتەرناك بوو. هەڵەکردن لە هەڵسەنگاندنی ڕۆڵ‌و توانای سیاسی تورکمان کارەساتی دڵتەزێنی وەکو ئەوەی لە ١٤ی تەموزی ١٩٥٩ لێدەکەوێتەوە.

لە ١٤ی تەموزی ١٩٥٩دا، پێکدادانێکی فراوان لەنێو تورکمانەکان‌و کۆمۆنیستەکان لەشاری کەرکوك ڕویدا، ئەم پێکدادانە بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە ٢٥ تورکمان[٦٦/٥].

هەرچەندە هەندێ لایەن پێیان خۆشە ئەم شەڕە بەشەڕی کورد ـ تورکمان بدەنە قەڵەم، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئەو پێکدادانانە لەنێوان تورکمانەکان‌و کۆمۆنیستەکان بوو، کە بەشی هەرە زۆریان کورد بوون. ئەو کوردانەی بەشداری ئەم شەڕەیان کرد دژ بە تورکمان نەبوون بەڵکو لەو کۆمۆنیستانە بوون کە پێیان وابوو تورکمانەکان دەرەبەگ‌و



سەرمایەدارن‌و دژ بە حکومەتی قاسمن، بەڵگە بۆ ئەم قسانەش ئەوەیە کە زۆربەی ئەوانەی پاش ئەم کارەساتە دەستگیر کراون پاشانیش لەسێدارە دران سەر بە حزبی شیوعی عیراق بوون.

لەکۆتایی حەفتاکان‌و سەرەتای هەشتاکان‌و لەژێر کاریگەری حزبی دەعوەی ئیسلامی، بزوتنەوەیەکی ئیسلامی ـ تورکمانی لەنێو تورکمانە شیعەکان بەرپا بوو، ئەم بزوتنەوەیە هەرچەندە لەپارتێکی تورکمانی سەربەخۆ ڕێك نەخرابوو، بەڵام لایەنگری زۆری لەنێو تورکمانە شیعەکان پەیدا کردبوو. حکومەتی عیراق لەدرێژەی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی دژ بە هەرجۆرە ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی کەوتە وێزەی تورکمانە شیعەکان‌و دەیان کەسیان لێ سێدارەدرا. هێرشی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس بۆ سەر ڕێکخستەکانی حزبی دەعوەو ئەندامە تورکمانەکانی ئەوەندە دڕندانە بوو کە گوندێکی تورکمانی شیعەنشینی،

وەکو بێشیر، بە تەواوی خاپورکراو دانیشتوانەکەی بۆ شوێنی تر گوێزرانەوە دەیان کەسیشیان لێ سێدارەدرا. بەپێی سەرژمێرەکانی پارتی ئیسلامی تورکمانی عیراق، لەم ماوەیدا (١٩٨٠ ـ ١٩٩٠) زیاتر لە ٤٠٠ کەس لەتورکمانە شیعەکان لەسێدارە دران[١٠٢/٥].

هەرچەندە بزوتنەوەی ئیسلامی ـ شیعەگەری لەنێو تورکمانەکان وەك بەشێك لەحزبی دەعوەی ئیسلامی کاری دەکرد، بەلاّم ئەم بزوتنەوەیە لەقۆناغەکانی تردا، پاش ساڵی ١٩٩١، پارتی تورکمانی ئیسلامی سەربەخۆی لێکەوتەوە.

## ژیانی سیاسی

## تورکمان پاش راپەڕینی ١٩٩١

پێش ساڵی ١٩٩١ هیچ کۆمەڵەیەك یان پارتێکی سیاسی تورکمانی چالاکی وەهابوو، کە کاریگەری لەسەر هاووڵاتیانی تورکمان هەبێ، بوونی چەند



کەسایەتیەکی ناوداری تورکمان لەتورکیا هیچ جۆرە کاریگەرییەکی لەسەر تورکمانەکانی عیراق بەجێ نەهێشت، ئەوان لەوێ خەریکی دروستکردنی کۆمەڵەو یانەی تایبەت بە تورکمان بوون، بەلاّم نەدۆخی ئەوسای عیراق‌و کوردستان‌و نە هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر بە عیراق بواری ئەوەیان کە کەسایەتی‌و کۆمەڵە تورکمانەکانی تورکیا کاریگەرییەکی سیاسی ـ جەماوەرییان لەنێو تورکمانەکانی عیراقدا هەبێ.

پاش راپەڕین‌و دامەزراندنی ناوچەی ئارام لەبەشێکی کوردستانی عیراق، تورکمانەکان وەك گشت لایەن‌و کەمینەکانی تر، کەڵکیان لەم دۆخە سیاسییە نوێیە وەرگرت. دروستکردنی ناوچەی ئارام هەلی بۆ سەران‌و کەسایەتیە تورکمانەکانی نیشتەجێی تورکیا رەخساند کە کاروباری‌و چالاکی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا بنوێنن، بەم شێوەیە لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٢دا، پارتی نیشتمانی تورکمانی

عیراق، کەپێشتر لەساڵی ١٩٨٨ لەئەنقەرە دامەزرابوو، بارەگای لەشەقلاوە کردەوە، ئیتر پاش ئەمە چەندین بارەگاو مەڵبەندی حیزبیو جەماوەریی تورکمانی لەناوچە ئازادەکانی تری هەرێمی کوردستاندا کرایەوە.

لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢دا، سەرکردایەتی باڵای بەرەی کوردستانی هیچ کورسییەکی بۆ تورکمانەکان لەپەرلەمانی کوردستان تەرخان نەکرد، لەراستیدا دەستنیشان نەکردنی ژمارەیەکی کوردسی تایبەت بۆ تورکمانەکان کارێك بوو پاساوێکی بەهێزی لەپشت نەبوو، بەرەی کوردستانی پاساوی ئەو بڕیارەی بەوە دەهێنایەوە کە گوایە بەشی هەرەزۆری تورکمانەکانی هەرێم لەناوچەکانی کەرکوك دەژین کە لەدەرەوەی دەسەڵاتی پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستانە. ئەم پاساوە لەڕوی جوگرافییەوە پەسەندە، بەڵام دەکرا ژمارەیەك کورسی بۆ تورکمانەکانی هەولێرو کفری تەرخان



بکرێن، وەك ئەوەی بۆ ئاشوریو مەسیحییەکان تەرخانکرا.

بەکەڵك وەرگرتن لەئەزمونی سەرکەوتوی بەرەی کوردستانی لەپێناو یەکخستنی گشت هێزو پارتە تورکمانییەکان، سەرانی سیاسیی تورکمان بەیارمەتی راستەوخۆی تورکیا بڕیاریاندا ئەزمونی بەرەی کوردستانی بۆ ناو تورکمانەکان بگوازنەوە، ئەوەبوو دوای زیاتر لەساڵێك وتوو وێژو دانیشتن لەهەولێرو ئەنقەرەو ئەستەمبوڵ، لە ١٩٩٥/٤/٢٤ بەرەی تورکمانی عیراق لەهەولێر راگەیاندرا[٢٥/١٦].

لەراستیدا سیاسەتمەدارانی تورکمان دەیانویست لەرێی ئەم بەرەیەوە هێزی پەرشو بڵاوی تورکمان کربکەنەوە، تاکو بتوانن رۆڵێکی کاریگەرتریان لەهاوکێشە سیاسەکانی هەرێمدا هەبێت. سەبارەت بە تورکەکان ئەم بەرەیە لەلایەك ئەو هەلەی بۆ دەرەخساندن کە لەگەڵ یەك لایەنی تورکمان لەکوردستانی عیراقدا مامەڵە بکەن، بەمەش

لەمەسەلەی فرە نوێنەرایەتی تورکمانەکانو پێویستی یارمەتیدانی کامیان، قوتار دەبوون، لەلایەکی تریشەوە ئەم بەرەیە تورکمانەکانی زیاتر رێك خستو چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرا کە تورکمانەکان لەڕێی بەرەوە رۆڵێکی زیاتر لەپشتیوانیکردنی سیاسەتەکانی ئەنقەرە لەناوچەکە بگێڕن.

بەڵام سەرباری ئەوەی تورکمانەکان هەوڵی ئەوەیاندا بەرەی تورکمانی گشت ئەو پارتانە بگرێتە خۆ کە لەگۆڕەپانی سیاسی هەرێمی کوردستانی عیراقدا کاردەکەن، بەڵام سەرانی بەرە نەیانتوانی ئەم ئامانجەیان بێننە دی.

سەرباری ئەو گرفتە ناوخۆییانەی کە بەرەی تورکمانی توشی هات، ئەم بەرەیە لەرۆژی ٣١ ئابی ١٩٩٦ توشی گورزێکی گەورە بوو. لەم رۆژەدا دوای گرتنی هەولێر لەلایەن یەکەکانی گاردی کۆماری، هێزەکانی بەغدا دەیان کادری سیاسیو عەسکەریو



ئیعلامیی تورکمانیان دەستگیرکردو زۆربەیان تاکو ئێستا بێسەرو شوێنن. بەرەی تورکمانی ساڵانە ئەم کارەساتە یاد دەکاتەوەو داوای دیاریکردنی چارەنوسی گیراوەکانو بێسەرو شوێنەکان دەکات.

لەلایەکی ترەوە سەرباری ئەوەی حکومەتی بەغدا ساڵی ١٩٧٠ بڕیاری ژمارە ٨٩ی دەرکردو تیایدا مافی خوێندن بۆ تورکمانەکان فەراهەم کرا[٦٤/١٤]، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم ئەم مافە لەتورکمانەکان سەندرایەوە.

پێشێلکردنی مافە کەلتوریو رۆشنبیرییەکانی تورکمان لەلایەن حکومەتی بەغدا دوای ساڵی ١٩٩١ بەشێوەیەکی خەست دەستی پێکرد. لەم ماوەیەدا (١٩٩١ — ٢٠٠٢) ئەو ماوە کەمەی کە بۆ پەخشی تەلەفزیۆنی تورکمان لەتەلەفزیۆنی کەرکوك دەستنیشان کرابوو، نەما، حکومەت هەموو جۆرە چالاکییەکی ئیعلامیو رۆشنبیری تورکمانەکانی قەدەغە یار بەرتەسك کردەوە.

لەراستیدا حکومەتی بەغدا لەدوای ساڵی ١٩٩١ەوە لەسۆنگەی ئەو بیروبۆچونە تایبەتییەی خۆی کە پێی وایە مەسەلەی تورکمان لەعیراقدا بەندە بە سیاسەتی تورکیاوە، زۆر توندو تیژانەی مامەڵەی لەگەڵ تورکمانەکان کردووە، بۆ نمونە ساڵی ١٩٧٧ لەمیانەی سەردانەکەی بولەند ئەجەوید بۆ عیراق هەواڵەکان باسی ئەوەیان دەکرد کە ئەجەوید داوای لەحکومەتی بەغدا کردوە دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ بەرەی تورکمانی بکاتەوە، حکومەتی بەغدا سەرباری ئەوەی کە ئەجەوید بەدۆستێکی دێرینی خۆی دەزانی پێی ڕاگەیاند کە لەعیراقدا مەسەلەیەك نییە ناوی مەسەلەی تورکمان بێت.

لەگەرمەی سیاسەتەکانی بەعس دژ بە تورکمان لەساڵانی نەوەددا شاڵاوی دەرکردنی تورکمانەکانی کەرکوك تائاستێکی بەرز پەرەی پێدرا. بەپێی ئامارەکانی بەرەی تورکمانی لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩١ — ٢٠٠٢دا زیاتر لە ٦٥٠ خێزانی تورکمان لەشاری



کەرکوك دەرکرانو رویان کردۆتە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان.

ئێستا لەدەرەوەی بەرەی تورکمانی زیاتر لە ١٥ پارتی تورکمانی هەیە کە کاروباری سیاسی خۆیان دور لەبەرە هەڵدەسوڕێنن. پارتەکانی دەرەوەی بەرەی تورکمانی زیاتر ئەو پارتانەن کە ناکۆکییان لەگەڵ سیاسەتەکانی بەرەی تورکمانیو رۆڵی تورکیا لەم بەرەیەدا هەیە. ئەم پارتانە دژ بە سیاسەتی تورکمانو هەندێکیان بانگهێشت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تورکمان لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستانو هەندێکیان لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی ئیسلامی عیراقیدا دەکەن.

## بەشی پێنجەم

## هەڵوێستی
## یەکێتی بەرامبەر بە تورکیا

یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە دیدو بۆچوونێکی مرۆڤانەو پێشکەوتوی سەبارەت بە کەمینە نەتەوەییەکانی کوردستان هەبووە. یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسۆنگەی ئەو باوەڕەی کە کوردستان بێجگە لە گەلی کورد چەند کەمینەیەکی نەتەوەیی جیا جیای تێدا دەژی، لەئەدەبیاتی سیاسیو خۆیدا داهێنانێکی تازەی هێنایە نێو چەمکە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان، کە ئەویش چەمکی گەلی کوردستان بوو.



چەمکی گەلی کوردستان هەڵقولاوی ئەو بۆچونە بوو کە پێی وایە سەرباری ئەوەی بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق کوردن، بەڵام کوردستان سەدان ساڵە چەندین کەمینەی بچوکی لەخۆ گرتوە، بەو پێیە چەمکی "کوردستان" زاراوەیەکە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بەتورکمانو ئاشوریو عەرەبەوە، دەگرێتەوە. یەکێتی هەر لەسەرەتای هەشتاکانەوە ئەوەی راگەیاند کە ئەو داکۆکی لەمافو داخوازییەکانی گەلی کوردستان دەکات.

لەسەرەتای هەشتاکاندا دەستەیەکی بچوکی تورکمانەکان بە سەرکردایەتیی عزەددین قۆچە هاتنە ناوچە رزگارکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی ن. ك). مەڵبەندی سەرەکی ئەم دەستەیە لەسوریا بوو، بەڵام بەهۆی ئەو ئاسانکارییانەی کە یەکێتی بۆیانی فەراهەم کرد، توانیان کەڵك لەناوچەکانی ژێر

دەسەڵاتی (ی. ن. ك). بۆ راپەڕاندنی كاری ڕێكخراوەیی خۆیان وەرگرن.

ساڵی ١٩٨٢ ئەم دەستەیە لەبەرەی (جوقد) * وەرگیرا، پاشانیش بەدەستپێشخەری یەكێتی چارەكە سەعاتێكیان لە ئێزگەی یەكێتی بۆ تەرخان كرا، شایەنی باسە سەرباری ئەوەی كە ماوەی پەخشی ئێزگەی ئەو كاتە یەك سەعات بوو، كەچی ماوەیەك بۆ توركمانەكانو ماوەیەك بۆ ئاشورییەكان تەرخان كرابوو(١٧). ئەم پەخشەی ئێزگە بەزمانی توركمانی لەلایەم كادرو بێژەری دەستەكەی عیزەددین قۆجەوە ئامادەو پێشكەش دەكراو، یەكێتی بە هیچ

---

* جوقد: واتە بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی دیموكراسی (الجبهة الوطنية القومية الديموقراطية) كە ساڵێ ١٩٨٠ لەنێوان لایەنە عەرەبەكان كە حزب البعث العربي الاشتركي ـ قيادة قطر العراق، الحركة العربية الاشتراكية، الحزب الشيوعي العراقي، الحزب الاشتراكي العراقي، منظمة الجيش الشعبي لتحرير العراق، لایەنە كوردیەكانیش یەكێتی نیشتمانی كوردستانو حیزبی سوسیالستی یەكگرتوی كوردستاندا، پێكهات بوو.



شێوەیەك نەسانسۆری دەخستە سەریان نە دەستی لەكارەكانیان وەردەدا. ئەم دۆخە نزیكەی ساڵێكی خایاندو دوای پەرەسەندنی گوشاری سەربازی بۆ سەر بنكەكانی یەكێتی، بەهۆی شەڕی ئێران - عیراقەوە، ئیزگە لەدۆڵی جافایەتی گوێزرایەوەو گروپەكەی عزەددین قۆچە بڵاوەیان لێكرد(١٨).

ئەم هاوكارییە ئیعلامیو سەربازییەی یەكێتی بۆ گروپێكی بچوكی وەك گروپی عزەددین قۆچە خۆی لەخۆیدا نیشانەی نیاز پاكیی یەكێتی بوو بەرامبەر بە توركمانەكانو ئاستی پابەندبوونی یەكێتی بە بنەماو بیروباوەڕە نیشتمانیو دیموكراسیو چەپایەتیەكانی دەرخست.

سەرباری نەبوونی بزووتنەوەیەكی سیاسی توركمان لەهەشتاكاندا، یەكێتیی نیشتمانی بەردەوام هەوڵی دەدا كەناڵی پەیوەندی كردن لەنێوان خۆیو خەڵكی توركماندا دروست بكات. بۆ نمونە لەساڵانی ١٩٨٩ ـ ١٩٩٠ جارێكی تر ماوەی پەخشی توركمانی

لەئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان زندوو کرایەوە. ئەم ماوەیە بۆ ئەوە تەرخان کرابوو کە بیروباوەڕی (ی. ن. ك). بۆ خەڵکی تورکمان رەتبکاتەوە، ئەم ئەزموونە لەراپەڕینی ساڵی ١٩٩١و ساڵانی ١٩٩١ - ١٩٩٢دا دوبارە بۆوە.

هەڵوێستی دۆستانەو پێشکەوتوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەرامبەر بە تورکمانەکان لەراپەڕینی ساڵی داو ١٩٩١، بەتایبەتیش دوای گرتنی کەرکوك‌و دەوروبەری بەروونی دەرکەوت. لەمەسەلەی گرتنی کەرکوکدا، سەرباری نەبوونی پارتێکی تورکمانی لەکوردستاندا، یەکێتی زۆر بەرپرسانە مامەڵەی لەگەڵ تورکمانەکان‌و ئاشورییەکانی کورکوکدا کرد. بۆ نمونە لەماوە ١٠ رۆژی گرتنی کەرکوك‌و سەرەڕای ئەوەی کە دۆخی ئەمنی شارەکە پەشێوو شلۆقە بوو، کەچی هیچ جۆرە گرفت‌و پێکدادانێك لەگەڵ تورکمانی کەرکوکدا دروست نەبوو. ئەم دۆخە ئەوەندەی



زادەی هەڵوێستی پاکی کوردی کەرکوك بەرامبەر بەتورکمان‌و ئاشورییەکان بووە، ئەوەدەش لەئەنجامی سیاسەتی برایەتی‌و تەبایی (ی. ن. ك) بوو بەرامبەر بەسەرجەم کەمینەکانی ئەم شارە.

لەکۆتایی ساڵیدا ١٩٩١ بەدەستپێشخەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان پارتی میللی تورکمان "الحزب الوطني التركماني" لەرێی رادیۆی مەرکەزی یەکێتییەوە، کە ئەوسا لەگەڵاڵە بوو، بەرنامەو هەواڵ‌و بۆچوونی تایبەتی خۆی بۆ خەڵکی تورکمان پەخش دەکرد. بەرنامەکانی پەخشی تورکمانی بەکاسێتێك لەلایەن ئەم پارتەوە تەسلیم بەرادیۆی دەنگی گەلی کوردستان دەکراو دەقاو دەق وەکو خۆی پەخش دەکرا[١٧].

دوای دروستکردنی ناوچەی ئارام‌و پێکهێنانی ئیدارەی خۆماڵی لەناوچەکەدا، بزوتنەوەو پارتە تورکمانەکان لەژێر دەسەڵاتی ئەم ئیدارەیەدا

گەورەترین گەشەی سیاسیو ڕێکخراوەییو ئیعلامییان بەخۆوە بینی. لەماوەی حوکمی بەرەی کوردستانیو حکومەتی هاوبەشی یەکێتیو پارتی هەروەها لەماوەی بوونی یەکێتی لەهەولێر (١٩٩٤ ـ ١٩٩٦)دا هیچ شەڕو گرژییەك لەنێوان پارتە تورکمانەکانو دەسەڵاتی حکومەت یان یەکێتیدا بەرپا نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لەو ماوەیەدا تورکمانەکان زۆر ئازادانە کاروباری سیاسیو ڕێکخراوەیی خۆیان بەڕێوە دەبرد تەنانەت لەماوەی بوونی یەکێتی لەهەولێر بەرەی تورکمانی لەهەولێر ڕاگەیەندرا.

سیاسەتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بەرامبەر بە کەمینەکان سیاسەتێکی تاکتیکی نییە، کە تەنها بۆ کاتو شوێنێکی دیاریکراو بێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەم سیاسەتە هەڵقوڵاوی بیرباوەڕی دیموکراسیانەی یەکێتییە، ئەم بیروباوەڕەی پێی وایە دیموکراتیەت تەنها بۆ زۆرینە نییە، بەڵکو بۆ



کەمینەشە، بە پێچەوانەوە پێوەری پابەندبوونی هەرپارتو دەسەڵاتێك بە مافەکانی مرۆڤو دیموکراسیەت، لەدوتوێی سیاسەتی ئەم حزبو دەسەڵاتە بەرامبەر بە کەمینەکان دەردەکەوێ، بەکورتی دەتوانین بڵێین کە هەڵوێستی هەر حزبو دەسەڵاتێك بەرامبەر بە کەمینەکانی وڵاتەکەی، سەنگی مەحەکە بۆ ئەو دیموکراسیی باوەڕی پێیەتی. لەم ڕووەوە دەتوانین ئاماژە بە وتەیەکی بەڕێز مام جەلال بکەین لە کۆبونەوەیەکی پارتە کوردستانییەکاندا تێیدا سەبارەت بە تورکمان دەڵێ:

"تورکمان لەمێژوو و جوگرافیاو ئایینو دابو نەریتی ڕەسەنی عیراقیدا برامانن... ئەم فرە نەتەوەییو ئاینیەی کوردستان هۆکاری بەهێزییە بۆ ئەزمونە دیموکراسیەکەمانو هاندەرێکە بۆ پتەوکردنی یەکبوونی نیشتمانیو پاراستنی عیراقی دیموکراتو یەکگرتو[١٨]". ئەم وتەیەی بەڕێز مام جەلال لەلایەك بەراشکاوی هەڵوێستی دۆستانەی

یەکێتی بەرامبەر بە کەمینەکانی کوردستان دەردەخاتو لەلایەکی تریش گرنگیی ئەو هەڵوێستە بۆ سەرخستنی ئەزمونی دیموکراسیی کوردستان نیشان دەدات.

ڕەنگە باشترین بەڵگە بۆ پابەندوونی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بە سیاسەتی دۆستانەو ئیجابییانەی بەرامبەر بە تورکمان لەوەدا بێت کە یەکێتی سیاسەتی خۆی بەرامبەر بەتورکمان نەبەستۆتەوە بەشێوەی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەنقەرەو سیاسەتی تورکیا لەکوردستانی عیراق.

ئاشکرایە کە مێژوویی پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانو تورکیا بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە. لەنێوان ساڵانی ١٩٩٤ ـ ١٩٩٧دا ئەم پەیوەندییە گرژییەکی زۆری بەخۆوە بینیو تاگەیشتە ئەوەی تورکیا لەمانگی ١٠و١١ ی ساڵی ١٩٩٧ ڕاستەخۆ بەشداری شەڕی دژ بە یەکێتی نیشتمانی



کوردستان بکات. ئەگەر ئێمە بەوردی بڕوانینە ئەم پەیوەندییانەی یەکێتی تورکیا دەبینین بە هیچ شێوەیەك کاریگەری لەسەر هەڵوێستی ئیجابی یەکێتی لەبەرامبەر تورکمانەکان نەبووە.

جێگیربوونی سیاسەتی هەڵوێستی بەرپرسانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەرامبەر بە تورکمانو نەگۆڕانیان بەپێی ئەو گۆڕانکارییە سلبیو ئیجابییانەی کە لەمەیدانی پەیوەندییەکانی یەکێتیو تورکیا رووی داوە، لەلایەك بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم هەڵوێستە لای یەکێتی هەڵوێستێکی مەبدەئییەو لەبیروباوەڕی یەکێتی بە دیموکراسیو مافی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە، لەلایەکی تر نیشانەی ئەوەیە کە یەکێتی بەشێوەیەکی تەکتیکی بۆ قازانجێکی سیاسیی کورت مەودا ناڕوانێتە مەسەلەکەو، ئەم مەسەلەیە قابیلی سازشکردنی سیاسی نییە چونکە، وەك بەڕێز مام جەلال دەڵێ: بەندە بە مافە نیشتمانیو رۆشنبیرییەکانی

تورکمانەکان وەك هەر هاووڵاتییەکی گەلی کوردستان[١٨].

لەسەر ئاستی بەرنامەیو پرۆگرامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، مافەکانی کەمینەکان، بەتایبەتی تورکمان، بە ئاشکراو راشکاوی ئاماژەیان پێ دراوە.

لەبەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆیی داو لەژێر ناونیشانی ئامانجە سیاسییە گرنگەکانی یەکێتیدا هاتوە کە ئامانجی گرنگی یەکێتی "بەهێزکردنی هاوکاریو هاوخەباتیو برایەتییە لەنێو سەرجەم هێزە دیموکراسیو پێشکەوتنخوازەکان، هەروەها لەنێو نەتەوەکانی کوردستان، بەتایبەتی تورکمانو ئاشوری"[٢٦/١٩].

لەلایەکی ترەوە هاوکاریکردنی تورکمانەکانو پشتگیریکردنیان، بەشێوەیەکی راشکاوانە لەراپۆرتی گشتیی کۆنگرەی دووەمی یەکێتی باسکراوەو، تیایدا هاتوە "وەکو پیشەی هەمیشەیمان، هاوکاری



پشتگیری برا تورکمانەکانمان دەکەین"[٣٧/٢٠].

باسکردنی ئەرکو هەڵوێستەکانی یەکێتی سەبارەت بە تورکمان لە پەیڕەوو پرۆگرامو راپۆرتی گشتی کۆنگرەدا نیشانەی ئەو گرنگیپێدانەی یەکێتییە بە مەسەلەی مافی کەمینەکان.

مێژووی پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانو بزوتنەوەی سیاسی تورکمان بە گشتیو بەرەی تورکمانی بە تایبەت گەواهی ئەوەن کە لەنێو پارتە سیاسییەکانی تری کوردستاندا یەکێتی باشترین پەیوەندی لەگەڵ پارتە تورکمانیو ئاشورییەکاندا هەبووە. ئەم پەیوەندییە ئیجابییانە لەلایەك تا ئاستێکی زۆر بەندن بە بیروباوەڕی سیاسیو فیکریی یەکێتی وەك پارتێکی سۆشیال - دیموکرات کە هەوڵ دەدات هەڵوێستێکی عادیلانەو مرۆڤانەی بۆ مەسەلەی کەمینەکان هەبێت، کە تیایدا تورکمانەکان بە مافی هاووڵاتیبوونی پلە یەك شادبن، لەلایەکی تر ئەم هەڵوێستە هەڵقوڵاوی

هەڵوێستی نیشتمانییانەی یەکێتییە، کە پێی وایە ئەرکی نیشتمانیی یەکێتی‌و کورد داوای ئەوەمان لێدەکات بەچاوێکی برایانەو دۆستانەوە بڕوانینە برا تورکمان‌و ئاشوورییەکان، چونکە ئەم کەمینانە لەدێر زەمانەوە هاوبەشی مێژوو جوگرافیامانن‌و بونەتە بەشێکی زیندووی گەلی کوردستان. بۆیە ئەرکی سەرشانی هێزە نیشتمانییە کوردییەکان - لەپێش هەموشیانەوە، یەکێتی ئەوەیە کە بەچاوێکی بەرپرسانە بڕواننە کێشەی کەمینەکانی هەرێم‌و بەئەرکێکی نیشتمانیی بزانن، ئەو ئەرکەی کە پێدەچێ یەکێتی ماوەیەکی زۆرە پابەندی بنەماکانی بووە.

بەکورتی دەتوانین بنەماو خەسڵەتەکانی هەڵوێست‌و سیاسەتی یەکێتیی بەرامبەر بە تورکمان‌و بزوتنەوە سیاسییەکەیان ئەم بەشێوەیە باس بکەین:



١ـ مەسەلەی باوەڕبوون‌و داکۆکی کردنی یەکێتی لەمافی کەمینەکان، مەسەلەیەکی مەبدەئییەو بەندە بەو بیروباوەڕەوە سۆشیال ـ دیموکراسییەی کە یەکێتیی هەڵیگرتوەو داکۆکی لێدەکات.

٢ـ یەکێتیی لەگشت قۆناغەکانی بزوتنەوەی سیاسیی تورکمانەکاندا هاندەرو پاڵپشتیان بووە، تەنانەت لەرۆژانی سەختی خەباتیشدا ئاسانکاریی زۆری بۆ کردون.

٣ـ هەڵوێستی ئیجابی دیموکراسییانەی یەکێتی بەرامبەر بە توکمانەکان هەڵوێستێکی نەگۆڕەو بەند نییە بە دۆخێک یان ئامانجێکی سیاسیی دیاریکراوەوە.

٤ـ یەکێتیی لەسەر زاری سکرتێری گشتی بەڕێزمام جەلال، تورکمانەکان بەخەڵکی رەسەنی ئەم وڵاتە دەزانێ‌و بە بەراو هاوبەشیمان لە مێژوو و جوگرافیای ئەم وڵاتە سەیریان دەکات. بەم پێیە

یـــەکێتی، تورکمـــان بەیـــەکێك لـــە هاوولاتیـــانی کوردستان دەزانێت.

٥ـ یـەکێتیی لەقسەی سـەرکردایەتیو هەڵوێـستی سیاسـی خۆیـدا، دان بـە مافـەکانی تورکمـان، وەك کەمینەیـەکی رەسـەنی ئـەم وڵاتـەدا دەنـێ، هەربۆیـە پێیوایـە تورکمـان پێویـستە بەمافـەکانی کەمینـە شـادبن، لـەپێش هەمووشـیانەوە مـافی کـەلتووریو خوێنـدن بـەزمانی زگمـاکیو مـافی هـاوولاتیبوونی پلەیەك لەم وڵاتەدا.

## بەشی شەشەم

# کوردو تورکمان
# بەرەو دارِشتنی بنەمایەکی پتەوتر بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتییانە

ئاشکرایە کە لەکۆتایی ساڵانی هەشتاداو سەرەتای نەوەدەکانەوە جیهان دوچاری چەندین گۆڕانکاری سیاسیو ئابوریو تەکنولۆژی قوڵ بۆتەوە. نەمانی سیستەمی دوو جەمسەریو دەرکەوتنی ئەمریکا وەك تاقە زلهێزی جیهان لەلایەكو، دەرکەوتنو بەربلاَوبوونی دیاردەی بەجیهانیبوون لەلایەکی تر کۆمەڵگای مرۆڤایەتییان بردە قۆناغێکی یەکجار تازەوە.



دیاردەی بەجیهانیبوون دوای ئەو شۆڕشە تەکنۆلۆژیو مەعریفییە هات کە مێژوویی مرۆڤایەتی لە ئاستێکەوە بردە ئاستێکی تر. گەشەسەندنی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن (سەتەلایەت، مۆبایل، ئەنتەرنێت) توانای گەورەی خستە بەردەستی مرۆڤایەتی کە بەئاسانیو پەلەو بەنرخێکی زۆرهەرزان گەشە بەپەیوەندی نێوان یەکە جیاجیاکانی جیهان بدات، بەجۆرێك کە کرانەوەیەکی یەکجار فروان لەسەرئاستەکانی میدیاو رۆشنبیری فیکریو هتد.. رویداوە.

نەتەوەو گەلانی ژێردەست شانبەشانی دەوڵەتو نەتەوەکانی تر تا ئاستێکی زۆر توانیویانە کەڵك لەلایەنە گەشەکانی بەجیهانیبوون بۆخزمەتی مەسەلەکەیان وەرگرن. لەسەردەمی بەجیهانیبووندا گشت نەتەوەو گروپە ئیتنییەکان دەتوانن دەنگی خۆیانو گرفتە سیاسیو ئەمنیو ئینسانییەکانیان بگەیەننە بەردەم کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. لەم

سەردەمەدا لەبەر گەشەسەندنی هۆکارەکانی پەیوەندیکردن، دەوڵەتە دکتاتۆرو رژێمە تۆتالیتاریەکان بەئەستەم دەتوانن تاوانەکانیان لەبەردەم کەناڵە ئیعلامییەکانی جیهاندا بشارنەوە.

دۆخی تازەی بەجیهانیبوونی میدیاو راگەیاندن (العولمة الاعلامیة) خاڵێکی بەهێزە بەدەست ئەو گروپە ئیتنییانەی کە رووبەروی گوشاری سیاسیو رۆشنبیریو ئینسانی بونەتەوە، بۆنمونە لەسەردەمی حوکمی بەعسدا حکومەتی بەغدا زۆر بەئاسانی توانی تاوانەکانی ئەنفالو کیمیابارانن تەعریبو تەرحیل بەروی کەناڵەکانی راگەیاندنی جیهاندا بشارێتەوەو، کوردیش نەیتوانی وەکو پێویست دەنگی خۆی بگەیەنێتە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیو لەتاوانەکانی حکومەتی بەغدا ئاگاداریان بکاتەوە، بەڵام ئێستا لەم سەردەمەدا هەر پێشێلکردنێکی مافی کورد یان تورکمانو ئاشوری زۆر بەئاسانی دەگاتە گوێی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ئەمەش



کاریگەرییەکی راستەوخۆی دەبێ لەسەر هەڵوێستی دەرەوە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستانو عیراق.

سەرباری ئەوەی کە تورکمان مێژوویەکی دێرینیان لە پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ کورددا هەیە، بەرژەوەندی نەتەوایەتی کوردو تورکمان پێویستی بەوەیە بەیەك دەنگ رووبەرووی گۆڕانکارییە سیاسییەکان ببنەوە.

بۆ نمونە بەرژەوەندی تورکمانی هەرێم لەوەدایە کە خۆیان ئەو ناوچانەی تێیدا دەژین بەبەشێك لەهەرێمی کوردستانی عیراق بناسرێنن، چونکە ئینتمابوونی تورکمان بۆ گەلو هەرێمی کوردستان، کە رێژەیان تێیدا ٧-٨٪ی کۆی دانیشتوانە، مانای ئەوەیە تورکمانەکان دەتوانن داواکاری سیاسیو رۆشنبیریو ئیداری فراوانیان هەبێ بەوپێیەی کە بەشێکی گرنگی هەرێمەکە پێك دێنن، بەپێچەوانەوە ئەگەر تورکمان خۆیان بە بەشێك لەگەڵو هەرێمی کوردستان نەزانن. ئەوا بێگومان

ڕێژەیان لە عیراقدا ناگاتە ١،٥٪ کۆی دانیشتوان، بەم ڕێژە کەمە ناتوانن داوای مافی سیاسیو ئیداری بکەنو داواکاریەکانیان تەنها لە دەوری مافە ڕۆشنبیرییەکان دەسورێتەوە.

بەهەرحاڵ، کوردو تورکمان دەتوانن چەندین میکانیزمی تازە بۆ گەشەپێدان بە پەویوەندییە دووقۆڵییەکان بدۆزنەوەو پەرەی پێبدەن. بۆنمونە لە کاتێکدا کە جیهان بەهۆی پرۆسەی بەجیهانیبوونەوە لە رووی ئابورییەوە تێکەڵ بووەو زۆربەی گەلانی دنیا رویان کردۆتە چالاکی ئابووریو لە کاتێکدا لایەنی ئابوری بەجیهانیبوون گەورەترینو دیارترین خەسڵەتی بەجیهانیبوونە، گەلی کوردو سەرجەم گەلانی عیراق بۆ گەشەدان بەپەیوەندی ئابووری نێودەوڵەتی خۆیانو زیاترکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەتوانێت کەڵك لە دۆستایەتی خۆی لەگەڵ تورکمان وەربگرێت، ئەویش لە پێناو دروستکردنو گەشەسەندنی پەیوەندییە



ئابورییەکانی لەگەڵ تورکیا سەرجەم دەوڵەتە تورك زمانەکانی دنیا. بەمانایەکی تر، تورکمانەکان دەتوانن رۆڵی میانگیری (وسیط) لەنێوان کوردو عیراقو سەرجەم جیهانی تورکی ببینن، ئەم رۆڵەش بێگومان بەقازانجی تورکمانو کورد تەواودەبێت.

ئێستا لە جیهاندا چەندین حاڵەتی وا هەیە، کە گروپێکی ئیتنی سەر بە وڵاتێك، دەتوانێ رۆڵێکی فراوان لە نزیکخستنەوەی ئابووریو تەنانەت سیاسی ئەو وڵاتانەی تردا بگێڕێت، کەهەمان خەسڵەتی زمانەوانی ئەو گروپە ئیتنییانەیان هەیە. بۆنمونە تورکەکانی بولگاریادا، دوای روخانی رژێمی کۆمۆنیستیو بەرقەراربونی سیستمی دیموکراتی لەبولگاریادا، رۆڵێکی گرنگ لە پەرەپێدانی پەیوەندی ئابوریو سیاسی نێوان تورکیاو بولگاریادا دەگێڕن. دیارە ئەگەر تورکەکانی بولگاریا وەکو سەردەمی کۆمۆنیستی، مافیان پێشێل بکرابایە، ئەوا

نه دەیاندەتوانیو نەئارەزوی ئەوەشیان دەبوو ئەو ڕۆڵە گرنگە بگێڕن.

نمونەی زیندوی تر لای جولەکەکانی تورکیا بەدی دەکەین، کە ژمارەیان زۆرکەمە (نزیکەی ٥٠ هەزار)، بەڵام توانیویانە ڕۆڵێکی بەرچاو لە گەشەپێدانی پەیوەندیی ئابووریو سیاسیو سەربازی نێوان تورکیاو ئیسرائیلدا بگێڕن.

چینییەکان لە ئەندەنوسیاو تورکەکان لە مەقدۆنیا چەند نمونەیەکی تری ئەو گروپە ئیتنییانەن کە ڕۆڵێکی فراوان لەنێوان دەوڵەتی خۆیانو دەوڵەتەکانی تردا دەگێڕن.

بەکورتی دەکرێ هەم کوردو هەم تورکمانیش کەڵك لەو پەیوەندییە دۆستایەتیەی نێوانیان وەربگرن، تا هەردوو لایان پەرە بە بەرژەوەندییە ئابوریو سیاسیو... هتد بدەن.

لە کۆتاییدا، دۆخی ئێستای سەردەمی بەجیهانیبوون، کەتێیدا جیهان خەریکە زیاتر



لەسەر بنەمای دیموکراسیو دۆستایەتیو مافی مرۆڤ ڕێچکە دەگرێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا خەریکە بەرەو کۆمەڵێکی مەدەنی جیهانی بڕواتو سەرجەم مرۆڤایەتی، بەگشت دەوڵەتو نەتەوەو کەلتوورەکانەوە، چەندین بەهاو بنەمای فیکریو سیاسیو شارستانی هاوبەشی تێدا درویست ببێت. ڕەنگە یەکێك لە گەورەترین دیاردەکانی سەردەمی بەجیهانیبوون ئەوەبێ کە مرۆڤایەتی، لەبەر نزیکبوونەوەی کۆمەڵگاکانو بچوکبونەوەی پراکتیکی جیهان، وەکو جاران ناتوانێ چاو لە کارەساتو پێشێلکارەکانی مافی مرۆڤو گروپە ئینتییەکان بپۆشێت.

ئەمڕۆ لەگەڵ بچوکبوونەوەی پراکتیکیی جیهان، یان ئەوەی پێی دەڵێن جیهان بۆتە گوندێك، ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگاکان زۆر پەرەی سەندوە، بچوکبوونەوەی جیهانو زیادبوونی ئاستی هۆشیار مرۆڤایەتی هەلێکی لەباری بۆ گروپە ئیتنییە

بچوکەکان رەخساندوە کە پێ لەسەر مافی ئینسانیو رۆشنبیریو سیاسییانەی خۆیان دابگرن. ئەم پێداگرتنەش بەهۆی تەشەنەکردنی دیموکراسییەوە بۆتە مافێکی بنەڕەتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

ئەگەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەسەر ئاستی جیهان، کە لەچەندین گروپو ئایینو کەلتورو دەوڵەت پێکهاتووە، بانگەشە بۆ تەباییو ژیانی ئاسودەو ئاشتییانەو دیموکراسی بکات، ئەوادەبێ کوردو تورکمانو ئاشوریو سەرجەم گروپە ئیتنیو مەزهەبییەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق چۆن لەگەڵ یەکتردا بژین، لەکاتێکدا چەندین لەخاڵە هەرە گەشەکانی پەیوەندی دۆستانەی نێوان تورکمانو کورد ئەوەیە کەهیچ جۆرە گرێیەکی مێژوویی (العقدة التاريخية) لەنێوان کوردو تورکماندا نییە کوردو تورکمان لە دروستبوونی دەوڵەتی عیراقەوە، مێژوویەکی هاوبەش لە چەرمەسەریو لێدانو کوشتنو تەرحیلو تەعریب



دەبەنە سەر. حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی بەغدا تەنها شوێنەواری کوردانەی شارەکانی کەرکوكو هەولێرو تەللەعفەرو تازەو داقوق... هتد نەگۆڕیوە، بەڵکو شوێنەواری تورکمانو ئاشوریشیان تەفرو تونا کردووە. تورکمانەکانیش، ئەگەر بەقەدەر کوردیش نەبێ، توشی تەرحیلو تەبعیشو تەعریب بونەتەوە.

لەکۆتاییدا دەکرێ بڵێین چۆن سەدان ساڵە کوردو تورکمان لە کەرکوكو شارو شارۆچکەکانی تر، بێ هیچ گرفتێك، ژیانی ئاسودەو ئارامو ئاشتییانە دەبەنەسەر، ئەمڕۆ لەگەڵ زۆربوونی بەژەوەندی دووقۆڵیو ریزبەندیمان لەیەك بەرەدا دەتوانین ئەم دۆستایەتیە مێژووییەی نێوانمان بپارێزنو بگرە بۆ مەودایەکی زۆر پەرەی پێدەین.

## سەرچاوەکان:


١-محمود ياسين أحمد التكريتي، الأيوبيون في شمال الشام والجزيرة، دار الرشيد للنشر، بغداد ١٩٨١.

٢-منتشاشفلى، البرت، م:العراق في سنوات الانتداب البريطانى، ترجمه د.هاشم صالح التكريتي، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٨٧.

٣- حسني، عبدالرزاق: تأريخ الوزارات العراقية، ج١، دارألشوون الثقافية العامة، بغداد ١٩٧٨، ط٧.

٤-للقديسي: أحسن التقاسيم في معرفة الاقاليم (مطبةعة بريل، المكان بلا، ١٩٠٦)، ط٢.

٥-الشهداء التركمان (صفحات من التارخ السياسي المعاصر التركمان العراق، دار الدليل للصحافة ولنشر. ١٩٩٩

٦-خصباك، شاكر: العراق الشمالي (دراسة لنواحية الطبعية والبشرية)، مطبةعة الشفيق، بغداد ١٩٧٣.

٧-شناوى، احمد واخرون: دائرة المعارف الأسلامية (دار المعرفة، بيروت، التاريخ بلا).





٨- عزاوي، عباس: تاريخ العراق بين الأحتلالين. (طبع شركة التجارة الضياعة المحدودة، بغداد ١٩٤٩)، ج ٣.

٩-حسين، فاضل: مشكلة الموصل (دراسة في الدبلوماسية العراقية- البريطانية- التركية والراي العام).

١٠- الجاف، ليلى نامق: كركوك لمحات تاريخية، منشورات خبات ربيل ١٩٩٦.

١١-تاليب، جەزا تۆفيق بابەخيى جيۆپۆلەتيكيى دانيشتوانى هەريمى كوردستانى عيراق، بڵاوكراوەكانى سەنتەرى لێكۆڵينەوەى ستراتيجيى كوردستان، سلێمانى ١٩٩٩.

١٢-أسماعيل، د. خليل اقليم كردستان العراق- دراسة في التكوين القومي للسكان- أربيل ١٩٩٨.

١٣-أسماعيل، د. خليل: دابەشبونى جوگرارافيى توركمان لە عيراق، گۆڤارى سياسەتى دەولى، ژ ٨ كانونى دووەمى ١٩٩٤.

١٤ گۆران، يوسف مێژووى سياسى توركمان لە عيراقدا، گۆڤارى سەنتەرى لێكۆڵينەوەى ستراتيجى، ژ٢٣، ساڵى ١٩٩٨.

١٥-صمانجي، عزيز قادر: تركمان العراق بين الثوابت الوطنية والخصوصيات القومية، مجلة الثقافية الجديدة، العدد ٢٧٦، ١٩٩٧.

١٦- گۆران، يوسف: رۆڵی سیاسی تورکمان پاش ساڵی ١٩٩٠ گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ١٢٥، ساڵی ١٩٩٩.

١٧- چاوپێچکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ بەڕێز ئازاد چالاك کادری پێشکەوتوی راگەیاندنی شاخو بەرپرسی ئێستای رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان.

١٨- رادیۆی عیراقی ئازاد، بەرنامەی رۆژی ٢٠٠١/٥/٢٠، هەروەها لە بڵاوکراوەی تایبەتی (الانصات المركزی) رۆژی ٢٠٠١/٥/٢١ بڵاوبۆتەوە.

١٩-البرنامج والنظام الداخلي اللأتحاد الوطني الكردستاني، من مطبوعات مكتب افكر واتوعية، السليمانية ٢٠٠١.

٢٠- مام جةلال، التقرير العام المؤتمر الثاني للأتحاد الوطني الكردستاني، من مطبوعات مكتب الفكر والتوعية، السليمانية، شباط ٢٠٠١.



## پاشکۆی ژمارە (١)

## فەرید ئەسەسەرد:
## ئەمنی قەومی لەبنچینەدا ئەمنی دەوڵەتە

مەسەلەکانی ئەمنی قەومی ئێستا لەسەر ئاستی دنیا بەهۆی نەمانی سیستمی جووت جەمسەریو سەرلەنوێ بوژانەوەی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان، برەوێکی زۆرتریان بەخۆوە بینیوە. لەهەمانکاتدا ئەو بوژانەوە نەتەوەییە، هاوزمانەی لەگەڵ دەربڕینەکانی دانوستاندنو بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشە هەڵایساوەکان. ئەمەش بۆخۆی گۆڕانی گەلێکی زۆری لەمەسەلەکانی ئەمنی قەومی بەدواوە دەبێ.

ئەگەرچی تائێستا لە کوردستادا توێژینەوە لەمەسەلەکانی ئەمنی قەومی ئەوەندە زۆرنیە کە

تینوێتی بشکێنێ، بەڵام خواستی ناوەندە سیاسو کەلتورییەکانی کورد بۆ سەردەرکردن لەو مەسەلانەی گۆڕانکارییەکانی دنیا هێناویەتیە کایەوە، ئومێدی ئەوەی لێدەکرێ کە لەئایندەیەکی نزیکدا ناوەندە ئەکادیمییە کوردییەکان کۆششێکی چاك بۆ دیتنەوەی تایبەتمەندییەکانی ئەمنی قەومیی کورد بکەن. بۆ زیاتر شارەزابوون لە واتای "ئەمنی قەومی" و پێناسە جیاجیاکانیو بۆ تیشك خستنە سەر مەسەلە پەیوەندیدارەکانو سەردەرکردن لە تایبەتمەندییەکانی ئەمنی قەومیی کورد، "فایل" بە پەسەندی زانی ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ بەڕێز فەرید ئەسەسەرد لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان سازبکات.

**٭پێناسەی جیاجیا بۆ ئەمنی قەومی هەیە، بەبۆچوونی ئێوە ئایا دەکرێ پێناسەیەکی جێگیر بۆ ئەمنی قەومی دابنرێ؟**



- هۆی ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە ئەمنی قەومی هەیەو هەر دەوڵەتێك بەپێی بەرژەوەندییە سیاسیو ئابورییەکانی خۆی پێناسەی دەکات. بەڵام، هەرچۆنێك بی، هەموو پێناسەکان لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە ئەمنی قەومی لەبنچینەدا ئەمنی دەوڵەتە.

*** بەم پێیە ئەمنی قەومی چۆن دابین دەکرێ؟**

- ئەمنی قەومی بەو ئامرازانە دابین دەکرێ کە یەکگرتوییو خۆشگوزەرانیو ئاسایشی وڵات دەستەبەردەکەنو بریتین لە هێزی چەکدار، دپلۆماسیەت، بازرگانی، کۆمەكو پشتیوانیی دەرەکی، ئابوریو هی تر.

**٭بەڕای ئێوە ئەو مەرجانەی چین کە ئەولەویەت دەدەن بەهەر یەك لە فاکتەرەکانی ئەمنی قەومی؟**

**هێزی چەکداریان پەرەپێدانی ژیانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی؟ یان کاری دیبلۆماسیو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان؟**

- ئەولەویەت بەپێی جۆرو ئەندازەی هەڕەشەکە دیاری دەکرێ. ناکرێ هەموو هەڕەشەیەك بەهێزی چەکدار وەڵام بدرێتەوە. بەر لەوەی هێزی چەکدار بۆ پاراستنی ئەمنی قەومی بخرێتەگەڕ، دەکرێ پەنا ببرێتە بەر دیپلۆماسیەت یا ئابلۆقەی ئابووری یا دروستکردنی گەلە کۆمەکێی سیاسی. هەر هەڕەشەیەك کە گەیشتە ئەو رادەیەی بەهێزی چەکدار وەڵام بدرێتەوە، دیارە بەهەڕەشەیەکی جددیو ترسناك دادەنرێ. بەڵام بەگشتی هەر هەڕەشەیەك شێوەیەکی دیاریکراوی بەرپەچ دانەوەی هەیە. بۆنمونە، ئەگەر فلان دەوڵەت هەندێ باندی تیرۆرستی ناردە ناو دەوڵەتێکی تر، مەرج نییە ئەو دەوڵەتە بەبیانوی پاراستنی ئەمنی قەومیی خۆی جەنگ لە دژی دەوڵەتە شەڕانگێزەکە



رابگەیەنێ بێ لەوە، مەسەلەی ئەولەویەت پەیوەندیی بەتواناو هەلومەرجی تایبەتی هەر دەوڵەتێکەوە هەیە.

**★ رویەکی مەسەلەی ئەمنی قەومی دابینکردنی ئەمنی ناوخۆیە. چ پێویستە لەسەر ئاستی ناوخۆ جێبەجێ بکرێ تاکو کۆمەڵگەیەکی هۆمۆجین (متجانس) یان تۆکمە بێتە بوونو بەرگەی هەڕەشە دەرەکییەکانی بگریو نەهێڵێ ئەو هەڕەشانە دزە بکەن؟**

- یەکەمو سەرەکیترین مەرجی سەقامگیریی باری ناوخۆ، بوونی حکومەتێکی بەهێزو بەتوانایە. ناکرێ بەبێ بوونی باری ناوخۆ خۆی لەخۆیدا یەکەم مەرجە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی چونکە هەڕەشەی دەرەکی لەو کەلێنانەوە دزە دەکا کە لەباری ناوخۆدا هەیە. بەشێوەیەکی گشتی، لەهەموو وڵاتێکی جیهاندا

بەبێ حکومەتێکی بەهێز ئەستەمە باری ناوخۆ، بەو جۆرەی پێویستە، ئارامی بەخۆیەوە ببینێ.

***ئەی مەرجەکانی بونی حکومەتێکی بەهێز چین؟**

ـ هیچ حکومەتێك بەبێ سەرکردایەتیەکی بەتوانا، بەبێ لەشکرێکی یەکگرتووو دەزگایەکی کارگێڕی کارامە، بەبێ پشت بەستن بەخەڵکانی تەکنۆکراتو پسپۆڕ، بەبێ بوونی میکانیزمێك بۆ دروستکردنی بڕیار لە دەزگای دەوڵەتدا، حکومەتێکی بەهێز نابێ لەمەسەلەی ئەمنی ناوخۆدا فرە دەسەڵاتیو فرە میلیشیاتی، هەڕەشەیەکی ترسناك پێکدێنن. حکومەت خۆی لەخۆیدا ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتییە. ئەگەر ئەو شڵەژانی تێکەوت، سەرتاپای کۆمەڵ شڵەژانی تێدەکەوێ.



**★ ئەگەر بەپێی لێکدانەوەی تۆ سەرکردایەتییەکی کارامە، لەشکرێکی یەکگرتووو دەزگایەکی کارگێڕی کارامەو هیتر مەرجەکانی هەر حکومەتێکی بەهێزبن، ئەی دەبێ نەخشی دیموکراسی لەم بواردەدا چی بێ؟**

ـ دیموکراسی سستمێکە دەرفەتی باسکردنی گیروگرفتە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان بەئاشکراو بەڕاشکاویو بەبێ ترس دەرەخسێنێ. بوونی دیموکراسی بەیەکێ لە مەرامەکانی ئەمنی قەومی دەوەستێتە سەر فەلسەفەی ئەو ڕژێمە سیاسیەی لەسەر کارە لەبەر ئەوە، نۆڕین بۆ دیموکراسی وەك ئامانجێکی ئەمنی قەومی لە ڕژێمێکەوە تا ڕژێمێکی تر جیاوازیی هەیە. ئەڵمانیا بەنمونە وەرگرە. ئەڵمانیا لەسایەی ڕژێمی نازیستەکاندا دیموکراسیی بەهەڕەشەیەك بۆ سەر ئەمنی قەومیی خۆی دەدایە قەڵەم. بەڵام ئەڵمانیای

هیلمۆت کۆلو راوێژکارەکانی پێش ئەو، دیموکراسی بە ئامانجێکی سەرەکیی ئەمنی قەومی دەژمێرن.

***ئایا وا رێکەوتووە کە ناکۆکیەك لەنێوان بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت وەکو دامەزراوێکی جێگیر روو بدات؟ ئایا رویداوە فەلسەفەی رژێمی سیاسیو نۆڕینی بۆ ئەمنی قەومی لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەمنی قەومی دەوڵەتدا رێکنەکەوێ؟**

- ئەمنی قەومی کاری بەسەر فەلسەفەی سیاسیی هەر دەوڵەتێکەوە هەیەو بەپێی ئەو فەلسەیە هەڕەشەکان دیاری دەکرێن. بۆنمونە لە یەکێتیی سۆڤیەتیی پێشو ئازادی بەپێی فەلسەفەی کۆمۆنیزم بەهەڕەشەیەکی جددی بۆسەر ئەمنی قەومی دەژمێردرا، لەکاتێکدا بەپێی فەلسەفەی usa یەکێ لە مەرامەکانی ئەمنی قەومی پاراستنی ئازادیو دیموکراسییە. سەرنجام بۆچونەکانی ئەمنی



قەومی لە رژێمێکی تر بەپێی فەلسەفەی دەسەڵاتدار، جیاوازی هەیە.

***پێشتر گوتت کە ئەولەویەتی هەریەك لە فاکتەرەکانی ئەمنی قەومی پەیوەندیی بەتواناو هەلومەرجی هەر دەوڵەتێکەوەی هەیە، ئێستاش دەڵێی ئەمنی قەومی کاری بەسەر فەلسەفەی سیاسیی هەر دەوڵەتێکەوە هەیە. ئایا ناکۆکییەك لەنێوان ئەم دوو دەربڕینەدا نابینن؟**

ــ ئەولەویەت شتێکەو خودی ئەمنی قەومی شتێکی ترە ئەولەویەت جۆرە ریزبەندییەکی بەپێی تیۆریو سیاسەتی ئەمنی قەومی دەوڵەت دیاری دەکرێ. فەلسەفەی سیاسیی هەر رژێمێك پرنسیپەکانی ئەمنی قەومیی دەوڵەت دادەڕێژرێ. ئەو پرنسیپانەش بەپێی هەلومەرجو هێزو توانای دەوڵەتەکە، ئەولەویەت دەدەنە مەسەلەکان.

***لەم سەروبەندەدا رژێمە توتالیتارەکان چۆن دەڕواننە دیموکراسی؟**

- رژێمە توتالیتارەکان دیموکراسی بەهەڕەشە لەقەڵەم دەدەن، لەبەرئەوە هیچ کات ئەولەویەت بەمەسەلەی دیموکراسی نادەن. مەسەلەکە رونە. کاتێك ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵ دەکەونە سەرلێواری تەقینەوە، ئەم جۆرە رژێمانە دەکەونە بەردەمی دوڕیانێك یەکێکیان بەرەو دیمورکراسی دەچێو ئەویتریان بەرەو شەڕی ناوخۆ. بەهەڵبژاردنی رێگای یەکەم، خودی رژێمەکە لەناودەچێ، میسری ناسریستو یەکێتیی سۆڤیەتی پێشو بەنمونە وەرگرە. کاتێك دیموکراسی پاش مردنی جەمال عبدولناسر چەکەرەی کرد، ناسریزم مرد. لەیەکێتیی سۆڤیەتی پێشوش وابو کاتێك گۆرباچۆف، بەپێچەوانەی فەلسەفەی سیاسیی کۆمۆنیزمەوە، کەشتیی ئیمپراتۆریەتی بەرەو دیموکراسی لێخوڕی، ئیمپراتۆریەتی لەبەریەك



هەڵوەشا. ئەمە بۆ ئەمریکاش وایە. ئەمریکا بەبێ دیموکراسی ناژی. تا دیموکراسی بەشێك بێ لەفەلسەفەی سیاسی رژێم، ئەمنی ناوخۆ بەتۆکمەیی دەمێنێتەوە. لەسەردەمی جەنگی ڤێتنامدا ئەمریکا بۆدابینکردنی ئەمنی قەومی خۆی، توشی سەر لێ شێوان هات. لەکاتێکدا فەلسەفەی سیاسیەکەی رێزی دیموکراسی دەگرت، ئەولەویەتی دابو بەڕیشەکێشکردنی هەڕەشەی کۆمۆنیزم لە ڤێتنام. سەرەنجام، باری ناوخۆی شێوانی تێکەوتو لەدەرەوەش گورزی گورچکبڕی ناوخۆی تێسرەوێنراو بەهەزار فەلاکەت خۆی لە زەلکاوی ڤێتنام پێدەربازکرا.

**★لەسایەی گۆڕانەکانی دنیاو سیستمی نوێی جیهاندا دەربڕینەکانی دانوستاندن دیپلۆماسیەتو ئاشتیو ئارامی برەویان سەندووە، ئایا چەمکی ئەمنی قەومی زلهێزی دنیا، ئەمنی قەومی وڵاتە**

بچووکەکانو ئەمنی نێودەوڵەتی هەر لە قاوغی کلاسیکی خۆیان دەمێنێتەوە؟

ــ ئەگەرچی ئێستا هەڕەشەی بەرپابوونی جەنگێکی ئەتۆمی نەماوە، بەڵام ئەمنی قەومی بەچەکە گشتییەکەی گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردانەهاتوە، بەڵکو لەسایەی سستمە نوێی جیهاندا هەوڵی کەمینەکان بۆ جیابونەوە یا ساخکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان تینی سەندەوە، ئەمەش بۆئەو وڵاتە فرە نەتەوانەی دیموکراسییان تێدا نیەو هێشتا بەچاوی گومانەوە تەماشای لامەرکەزیەت دەکەن، مایەی ترسو نیگەرانییە. ئەو وڵاتانەش کەهیچ کەلێنێکیان بۆ بەشداریی گەلو فرە حزبی نەهێشتۆتەوە، واهەست دەکەن کەخۆ گونجاندن لەگەڵ سستمی نوێی جیهاندا کارێکی ئەستەم دەبێ.



★ ماوەیەکە لە کوردستانیش زاراوەی ئەمنی قەومی کەوتۆتە سەرزارو لە ناوەندە سیاسیو کەلتوورییەکاندا زۆر بەکار دێ، بەڵام قسەکانی تۆ هەمووی تەئکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەمنی قەومی پەیوەندی بەبوونی دەوڵەتەوە هەیە. ئایا دەتوانین قسە لەسەر ئەمنی قەومی کوردبکەین؟

ـ پرنسیپە گشتییەکانی ئەمنی قەومی کورد هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ پرنسیپە گشتییەکانی ئەمنی قەومیو هەر وڵاتێك نیە. نەبوونی دەوڵەت رێ لەوە ناگرێ کە کورد ئەمنی قەومی خۆی نەبێ، بەتایبەتی کە ئەمڕۆ کورد حکومەتێکی ئیقایمی هەیەو بەم پێیە ئامانجی سەرەکی سیاسەتی ئەمنی قەومی بریتی دەبێ لە پاراستنی قەوارەی سیاسی حکومەتی هەرێمو یەکپارچەیی خاكو خۆشگوزەرانی گەلی کوردستان. ئەمنی حکومەتی هەرێم تەنها خۆی لە ئارەزووی مانەوەدا نابینێ

بەڵکو ئەوەش دەگرێتەوە کە ئەم حکومەتی بەبێ ترس لە هەڕەشەی دراوسێکان بژی.

**★هەڵبەتە لەو وڵاتانەی کە پرۆسەی دیموکراسییان تێدا بەرقەرارە کەمینەکان لەبری ئەوەی هەڕەشەیەك بن لەسەر ئەمنی قەومی دەتوانن باشتر پەرە بەدەوڵەت بدەنو سەقامگیری بکەن. کەمینەکان لە ئەزموونی هەرێمی کوردستاندا دەتوانن چ رۆڵێکی ئیجابی لەئەمنی قەومیدا بگێڕن؟**

ـ مەسەلەی کەمینەکان مەسەلەیەکی ئاڵۆزەو دەستورێکی گشتیی نیە. دیموکراسی هەلێکی لەبار بۆ خۆنواندنو خۆدەربڕینی کەمینەکان پێکدێنێ، بەڵام مەرج نیە خواستەکان لەسەدا سەد بێنێتە دی. لە وڵاتێکی وەکو کەنەدا، کە لەمێژە دیموکراسی تێدا بەرقەرارە، ناو بەناوو لە هەلەمەرجی دیاریکراوو تایبەتدا کەمینە فەرەنساییەکەی هەرێمی کیوبیك



دەکەوێتە جۆشو خرۆشو بزوتنەوە جوداخوازەکەی دەمەزەرد دەکاتەوە. ئەمە لەوڵاتێکدا رودەدا کە سیاسەتی چەوساندنەوەی کەمینە پەیڕەو ناکا.

لە کوردستان هیچ سیاسەتێك بۆ سەرکوتکردنی کمینەکان لە گۆڕێ نیە. هۆی ئەمە بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کە گەلی کورد تا ئێستا هیچ کەمینەیەکی بەمەترسی بۆ سەر ئەمنی قەومیی خۆی نەزانیوە. گەورەترین کەمینەی کوردستان کە تورکمانو ئاشورین تا ئێستا هیچ هەڕەشەیەکیان لەئەمنی قەومیی کورد نەکردوە. من دەترسم ئەم پرسیارە لەوەوە هاتبێ کە گوایە کەمینە هەمیشە هەڕەشە لە ئەمنی قەومی دەکا. لەراستیدا ئەمە وانیە. بونی کەمینەو هەڕشەکردنی لە ئەمنی قەومی دوو مەسەلەی جیاوازن. لە نمونەی تورکماندا، رەنگە سیاسەتی دنەدانی کەمینە تورکەکان بۆتە بەشێك لە سیاسەتی هەندەرانی

ئەنقەرە، هەوڵبدات سود لە تورکمانەکانی کوردستانی عیراق وەرگرێ. بەڵام تورکمانەکانی کوردستانی عیراق لەبەرئەوەی لە هیچ ناوچەیەکدا ٥١٪ی دانیشتوان پێکناهێنن‌و لەبەرئەوەی ناوچەکانی نیشتەجێبونیان لێك دابڕاوو پەراگەندەن‌و لە چاکترین دەرفەتدا ڕێژەیان ١٥٪ی دانیشتوانی کوردستان تێناپەڕێ، لەسۆنگەی ئەوەشەوە کە خەڵکانێکی بێوەی‌و ئاشتیخوازن‌و لەمێژە لەگەڵ کۆمەڵی کوردستاندا تێکەڵبوون، هیچ هەڕەشەیەك بۆسەر ئەمنی قەومیی کورد پێکناهێنن. بەپێچەوانەوە، لەمەودوا تورکمانەکان بەسود وەرگرتن لە پەیوەندییە کەلتووری‌و ڕەگەزییەکانیان لەگەڵ تورکیا دەتوانن نەخشێکی کاریگەر لە پەرەپێدانی ئابووریی کوردستاندا بگێڕن.



*** تورکیا چۆن دەڕوانێتە تورکمانەکانی کوردستانی عیراق؟**

- تورکیا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ تورکمانەکانی کوردستانی عیراقدا هەیە. ئەمەش بەشێکە لەسیاسەتەکەی سەربارەت بەکەمینە تورکەکان لە دەوڵەتە دراوسێکانیدا. ڕەنگە هەوڵیش بدات بۆ مەرامەکانی خۆی بەکاریان بێنێ. بەڵام چارەنوسی تورکمان لەگەڵ تورکیادا نیە بەڵکو لەگەڵ کوردستانی عیراقدا. جوگرافیا لە مەسەلەی کەمکردنەوەی تەئسیری تورکیا لەسەر تورکمان نەخشێکی کاریگەر دەگێڕێ. بێ لەوەوە، پەراگەندەیی‌و ڕێژەی کەمی دانیشتوانی تورکمان هەلێکی زۆر بۆ وابەستەبونی تورکمان بەسیاسەتەکانی ئەنقەرەوە نارەخسێنێ.

**★ ئایا تورکیا بیرلەوەناکاتەوە کە بەبیانوی فریاکەوتنی هاوڕەگەزەکانی خۆی، وەك چۆن هێرشی کردە سەر قوبرس، ئاواش هێرش بکاتە سەر کوردستانی عیراق؟**

- نەخێر. مەسەلەی قوبرس‌و مەسەلەی کوردستان زۆر لێك جیاوازن. لە قوبرس تورك‌و یۆنان دانویان پێکەوە ناکوڵێ‌و لە مێژە یەکتریان خۆشناوێ. ناکۆکییەکە تەنها دوڕاییەکی سیاسی نیە، بەڵکو دوڕاییەکی مێژوویی، دینی، ئەتنیکیشی هەیە. بەداخەوە پاش مەکاریۆس کەسێکی وا لە قوبرس هەڵنەکەوت کە یەکپارچەیی دورگەکەی پێ بپارێزرێ.

بێ لەوەی پەیوەندییەکی روحی لەنێوان تورکەکانی قوبرس‌و تورکیا هەیە. جوگرافیاش هەلی پێگەیشتنی هەردو بەری باکوری قوبرس‌و باشوری تورکیای ئاسان کردووە. هەرکەسێك



بەسواری پاپۆڕ بەماوەی سەعاتێك لە باکوری قوبرسەوە دەگاتە هاتای (HATAY).

تورکیا ناتوانێ کوردستانی عیراق‌و قوبرس بەیەك پێوانە بکێشێ‌و ئەوەی لەوێ رویداوە لێرەوە دوبارە نابێتەوە.

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ١٤، ساڵی چوارەم، تەموزی ١٩٩٥.**

## پاشکۆی ژمارە (٢)

### *تورکمان ١٠/تا ١٢٪ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پێکدێنن

### *تورکیا لە ساڵی ١٩٢٦ەوە لە روی قانونییەوە دەستی لەویلایەتی موسڵ هەڵگرتوە

یوسف گۆران پسپۆڕی کاروباری تورکمانەوە ئێستا تا چەندین لێکۆڵینەوەی لەسەر مەسەلەی تورکمانو تورکیاو زمانی تورکی بڵاوکردۆتەوە، تایم چاوی پێ کەوتو سەبارەت بە مەسەلەی تورکمان لەهەرێمی کوردستاندا چەند پرسیارێکی لێکرد.

**★ماوەیەك باس لەمەسەلەی تورکمان دەکرێ لە کوردستان. سەرەتا دەمانەوێ لەوەوە دەست پێبکەین کە ئایا تورکمان لە کوردستاندا لەچ شوێنێك دان؟**



ـ بەپێی دابەشبونی جوگرافیی تورکمان چ لە کوردستاندا چ لەعیراقدا دیارە شوێنی سەرەکییان لەناوچەی کەرکوکە، بەتایبەتی ناو شاری کەرکوكو باشوری. جگە لەوە رێژەیەکی تورکمان هەیە لەهەولێرو تەلەعفەرو هەندێ ناوچەی وەك کفریو دوز.

**★ ژمارەیان چەندە؟**

ـ بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ کە باشترین سەرژمێرە لەمێژوی عیراقدا، رێژەی تورکمان ٢٪ی دانیشتوانی عیراق بوە. ئیتر لەو روانگەشەوە کە ژمارەی ئێستای دانیشتوانی عیراق ٢٥ـ ٢٦ ملیۆن دەبێ، کەواتە ژمارەی تورکمان لەنێوان ٥٠٠ تا ٦٠٠ هەزاردەبێ.

**★ هەندێ کەس لەوەدەترسن وڵاتێکی وەك تورکیا وەك چۆن دەخالەتی لە قوبروس کرد، ئاواش بەبیانوی تورکمانەوە دەخالەت لە کوردستان بکا.**

- لەراستیدا زۆر ئاساییە تورکمان‌و تورکیا هاوسۆزیان لەنێواندا بێ چونکە ئێمە خۆمان زۆرجار هاوسۆزیمان لەگەڵ بزوتنەوەی پارچەکانی تری کوردستان هەیە. دیارە هەندێ جار دەوڵەتان بەقازانجی خۆیان ئەو هاوسۆزییە بەکاردێنن. بەڵام جیاوازیەکی زۆر لەنێوان قوبروس‌و کوردستان هەیە.

هۆیە جوگرافی‌و مێژووییەکان زۆر جیاوازن. لەرووی مێژووییەوە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان تورکیاو تورکمان نیە. راستە هەندێ فاکتەری هاوبەش لەم رووەوە هەیە وەك هاوسۆزی‌و زمان بەڵام پەیوەندییەکە پتەو نیە لەرووی قانونیەوە، ساڵی ١٩٧٤ کاتێك تورکیا چوە ناو قوبروس، پاساوی یاسایی خۆی هەبوو چونکە لە دێباجەی ساڵی ١٩٦٠ی



دامەزراندنی دەوڵەتی قوبروس، تورکیا شان بەشانی یۆنان‌و بریتانیا زامنی دەوڵەتی قوبروس بوو. کاتێك دەوڵەتی قوبروس دامەزرا، بنەمایەکی فدراڵی هەبوو و ساڵی ١٩٧٤ ترسی ئەوەهاتە ئاراوە کە یۆنانییەکان قوبروس بە یۆنانەوە بلکێنن. بۆیە تورکیا هەستی بەو هەڕەشەیە کردو لەژێر چەتری پاساوە یاساییەکە تەداخولی کرد.

لێرە مەسەلەکە وانیە، تورکیا لە ساڵی ١٩٢٦وە دانی بەوەدا ناوە کەئەم ناوچەیە سەر بەعیراقە. جگەلەوە جوگرافیا یارمەتیی تورکیا نادا بۆ گەیشتن بەکەرکوك. هەروەها ژمارەی تورکەکانی قوبروس زۆر لە ژمارەی تورکەکانی ئێرە زۆرترە. جگەلەوە زۆر فاکتەری ئیقلیمی رێگرن لە دەستێوەردانی تورکیا لە کوردستاندا بەبیانوی تورکمانەوە. سەرنج بدەن کە قوبروس تاکە دەوڵەتە کەدژی ئێران‌و هەموو دەوڵەتە عەرەبیەکان دژی ئەو دەستێوەردانەن. لەبەرئەوە پارسەنگی هێز

لەناوچەکەدا دەرفەتی ئەوەنادا سیناریۆی قوبرس لەکوردستاندا دوبارەبێتەوە.

**★ تورکمانەکانەکان ژمارەی خۆیان دەگەیەننە سی ملیۆنو نیو نەخشەیەکیشیان دروست کردوە چەندین شاری کوردییان تێخستوە گوایە ئەو شارانە بەشێکن لەنیشتمانی تورکمان نشین.**

ـ دیارە لەناو تورکمانەکاندا هەندێ لەلایەنە رۆشنبیرەکان ئەم پروپاگەندانە بڵاودەکەنەوە، بەڵام کاتێك مەسەلەکە دێتە سەرداوای سیاسی، تورکمانەکان رۆژێ لەرۆژان ناتوانن بەم شتانەوە بچنە سەر مێزی وتووێژو بڵێن گوایە ئەوان ژمارەیان سێ ملیۆنو نیوە. جگە لەوە هەموکەس ئازادە خەوببینێ بەڵام لەژیانی واقیعیدا ناتوانێ بەپێی ئەوەی لەخەودا دیویەتی هەڵسوکەوت بکا.



**★خاڵێکی تر لەم مەسەلەیەدا هەیە. ئەویش ئەوەیە کە تورکیا لە میساقی میلیدا ویلایەتی موسڵ بە بەشێك لە تورکیا دادەنێ.**

میساقی میللی بۆ ساڵی ١٩١٩دەگەڕێتەوە ئەم مەسەلەیە لە پەرلەمانی تورکیا لە ساڵانی ١٩٢١و١٩٢٢و١٩٢٥ گفتوگۆیەکی زۆری لەسەرکرا بەڵام لەدواییدا ئەم مەسەلەیە لەسەر دەستی کۆمەڵەی گەلان یەکلاکرایەوە، ویلایەتی موسڵ بەعیراقەوە لێکنرا. دواتر خودی مستەفا کەمال گوشاری خستە سەر پەرلەمان تا دان بەکۆتایی هاتنی مەسەلەی موسڵدابێنن. بەڵگەنامە تورکییەکان نیشانی دەدەن کە تورکیا لەساڵی ١٩٢٦ بەدواوە لەروی قانونیەوە دەستی لەم ناوچەیە هەڵگرتووە.

**★ باس دەکرێ کە بەرەی تورکمانی هەندێك زەویی لەناوچەی سلێمانی کڕیوە. ئایا ئەم**

**مەسەلەیە پەیوەستە بەو شتانەی کەپێشتر باسمان کرد؟**

ــ دیارە مەسەلەی زەوی کڕین یەکێکە لەسادەترین مافی هەر هاوولاتییەك. ئێمە پێش هەموشتێك دەڵێت تورکمانەکان لە کوردستاندا هاوولاتی پلە دونین مافی هاوولاتیبون لەهەر ولاتێکدا لەمافی یاساییەوە دەست پێ دەکا ئینجا دەچێتە سەر مافە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان.

یەکێ لەسادەترین مافەکانی یەکسانی بەرامبەر بەیاسا مافی خاوەنێتییە، واتە مافی هەبێ شتبکڕێو هاتوچۆ بکا مادام ولاتەکە بەهی خۆی دەزانێ شتێکی زۆر سروشتیە کە مرۆڤ لەو شوێنەی ئارەزووی لێیەتی زەوی بکڕێ بۆ نمونە زۆر ئاساییە کوردێك لەبەسرە یان تورکمانێك لە بەغدا یان عەرەبێك لێرە، لەسلێمانی زەوی بکڕێ مەسەلەکە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئایا ئێمە تورکمان بە هاوولاتی دادەنێین یان نا؟ ئەگەر هاوولاتی بێ،



کەواتە هەموو مافی هاوولاتی هەیە، ئەگەر هاوولاتیش نیە دیارە ئەوە مافی زەوتدەکرێ.

**⋆ مەسەلەکە لەو روانگەیەوە ناسروشتیە کە بەرەی تورکمانی دان بە حکومەتی هەرێمدا نانێ؟**

ـ ئەگەر مەبەست ئەوەبێ کە بەرەی تورکمانی زۆر بەڕونیو بەنوسراو دانی بە حکومەتی هەرێمدا نەناوە، ئەوە راستە بەڵام بەرەی تورکمانی بەکردەوە دانیپێداناوەو تەنانەت ئامادەش بون پۆستی وەزاریشی لێوەرگرن. ساڵی ١٩٩٢و ١٩٩٤ تورکمانەکان رازیبون بەشداربن لەحکومەتی هەرێمدا بەڵام مەرجی قورسیان دانابوو. رازیبونەکە بەتەنها خۆی لە خۆیدا داننانە بە حکومەتی هەرێم.

**⋆بەڵام تورکمانەکان تا ئێستا رۆژنامە بەزمانی عەرەبی دەردەکەنو ئەگەر بەتورکی دەریبکەن**

**بەپیتی لاتینی دەریدەکەن، تا ئێستا هیچ شتێکیان بەزمانی کوردی دەرنەکردوە؟**

- پێم وایە ئەمە پەیوەندی بەکلتووری تورکمانەوە هەیە چونکە تورکمانەکان خوێندنیان بەزمانی عەرەبی بوەو لەم سۆنگەیەوە کەم رۆشنبیری تورکمان هەیە کوردی بزانێ یان مامەڵەی لەگەڵ زمانی کوردیدا کردبێ.

**⋆بەڕای جەنابت چارەسەی مەسەلەی تورکمانەکان لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا یان لە چوارچێوەی عیراقێکی دیموکارتی فرە حزبیدا چۆن دەکرێ؟**

ـ ئێمە دوو پێوانەمان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی تورکماندا. یەکەمیان ئەوەیە کەمافی کەمینەبون بۆ کەمینەکانی کوردستان بسەلمێنن‌و دوەمیان ئەوەیە کە وەکو هاوولاتی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین. دیارە تورکمانەکان هەندێ شوێنی



کوردستاندا ژمارەیەکی بەرچاوی دانیشتوانی ئەو شوێنانە پێکدێنن. بۆ نمونە، لەکەرکوك. دەتوانن بڵێن تورکمان ١٠٪ تا ١٢ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پێکدێنن ئەمەش وادەکات مافیان هەبێ شادبن هەندێ مافی ئیداری‌و کەلتووری بۆ نمونە، ئەگەر ئیدارەی پارێزگای کەرکوك بکەوێتە دەست خۆمان شتێکی زۆر سیاسیە کە قایمقامی یان جێگری پارێزگای کەرکوك تورکمان بێ چونکە ژمارەی دانیشتوانی کەرکوك بورای ئەمە دەدا. خۆی لەخۆیدا هەم مافێکی یاسایی هەم مافێکی ئیداریشەو تا رادەیەکیش مانای مافی سیاسیش دەگەیەنێ.

**⋆ناکرێ ئوتونۆمی بدرێ بەتورکمان؟**

ـ لەڕووی مێژوییەوە ئۆتۆنۆمی بەناچەیەکی دیاریکراو دەدرێ، گیروگرفتی تورکمان چ لەکوردستانداو چ لە عیراقدا، ئەوەیە کەیەك شوێنی

نیشتەجێبونیان نیە کەتیایدا ڕێژەیان زیاتر بێ لە ٥٠٪. بەڵام با بڵێین دەکرێ ئۆتۆنۆمیەکی ئیدارییانە لەوشوێنانەی کە دەتوانن ئیدارەی بکەن ئەگەرچی لەهیچ جێیەك ٥٠٪ پێك ناهێنن، مەگەر لە چەند گەڕەکێکی شاری کەرکوك نەبێ. ئەمەش گێروگرفتی هاتوچۆو بەڕێوەبردن دروست دەکا.

**سەرچاوە:**

**ڕۆژنامەی تایم ژمارە ٢٣ ١٩ی حوزەیرانی ٢٠٠٢**



## پاشکۆی ژمارە ( ٢ )

## تورکیاو تورکمانو کورد

زۆرجار لەچەندین کەناڵی ڕەسمیو ناڕەسمی تورکیادا بەرپرسانو سیاسەتمەدارانی تورك ئەوە دوپاتدەکەنەوە کە پێویستە ئیدارەی کوردی لەکوردستانی عیراق ڕەچاوی مافە ڕۆشنبیریو سیاسیو یاساییەکانی تورکمانەکان بکات، بەو پێیەی کە تورکمانەکان کەمینەیەکی بەرچاوی ناوچەکەنو دەبێ نوێنەری شەرعی خۆیان لەهەر پرۆسەیەکی سیاسی، ئێستاو لە پاشەڕۆژدا، هەبێ.

ئاشکرایە کە مەسەلەی مافی کەمایەتی هیچ کاتێك لەلایەن ئیدارەی کوردی ڕەتنەکراوەتەوە،

بەڵکو بەپێچەوانەوە پێدەچێ تورکمانەکان لەهیچ کاتێکدا وەك ئەوەی ئێستا لەکوردستاندا هەیە ئەوەندە دەسکەوتی رۆشنبیری ـ سیاسییان بەدەسنەهێنابێ، بۆیە لێرە قسە لەسەر خودی ڕەوایەیی مافی کەمینە نییە، بەڵکو قسە دەربارەی ئەوەیە کە کێ باسی ئەو مافە دەکا.

حکومەتی ئەنقەرە کاتێك لەکوردستانی عیراق باس پێویستی دەستەبەرکردنی هەموو مافێکی سیاسیو رۆشنبیریو یاسایی بۆ تورکمانەکانی کوردستان دەکا لەهەمانکاتدا پێیوایەت ئەگەر زمانی کوردی لە تورکیا بەڕەسمی بناسرێت ئەوە دەبێتە هۆی ئاژاوەنانەوە، لە ئاکامدا ئەمنی قەومی تورکیا دەکەوێتە بەرمەترسییەکی گەورەوە! ئەگەر بێتو لەرووی سیاسیەوە ئەم دوو هەڵوێستە جیاوازو دژ بەیەکەی ئەنقەرە شیبکەینەوە دەبینین کە هەڵوێستەکە لەوەدەچێ کە یارییەکی سیاسی بەپێی



بەرژەوەندی تایبەتبێت، چونکە مەسەلەکە لێرە رادەربڕین نییە بەرامبەر بە هەڵوێستێکی سیاسی دیاریکراو بەڵکو رادەربڕینە بەرامبەر بەخودی تێڕوانینو پراکتیکەکردنی دیموکراتییە لەوڵاتێکدا کەدەمێکە سورە لەسەر ئەوەی سیستمی سیاسی خۆی دیموکراتیەو بەپێی بنەماکانی دیموکراتی هەڵسوکەوت دەکات.

دیموکراتییەت پێش هەموو شتێك رێگەیەکە بۆ ژیان بەرلەوەی هەڵوێستێکی سیاسی بێت، ئەوە دەوڵەتو کۆمەڵەی کە دیموکراتیەت دەکاتە ئامانجی سەرەکی خۆی پێویستە بەر لەهەمووشتێك بنەماکانی دیموکراتییەت لەبیروبۆچوونی سیاسی خۆی بچەسپێنێت. بۆ نمونە کاتێك ئەنقەرە نیگەرانی خۆی لای واشنتۆن سەبارەت بە داواکاری کوردەکانی عیراق بۆ پەیرەوکردنی سیستمی فیدرالی لەعیراق باسکردو داوای لێکرد کە واشنتۆن داوا

لەکوردەکان بکات واز لەدروشمی فیدرالیزم بێنن، ئەمریکییەکان لەوەڵامدا وتیان ئێمە ناتوانین ئەوە بەکوردەکان بڵێین چونکە خودی وڵاتە یەکگرتوەکان لەسەر بنەمای فیدرالیزم دروست بووە. واتە لێرە دەوڵەتێکی بەهێزی وەك ئەمریکا بەم بۆچونەی ئەنقەرە قایل نەبوو چونکە هەستیکرد ئەمە بەشێکە لە ئەخلاقی سیاسی ئەمریکا کە هیچ کاتێك ناتوانێ پێشێلی بکات.

ئەگەر ئەنقەرە بەلایەوە گرنگە دیموکراتی لەتورکیا بچەسپێ پێویستە پێش هەموو شتێك بنەماکانی دیموکراتیەت وەك ئازادی بیروڕاو ئاخافتن بەزمانی زگماك، لەژیانی سیاسی تورکیا بچەسپێنێ. دیموکراتیەت داوامان لێدەکات لەمەسەلە بنەڕەتیەکاندا لەگەڵ خۆمانو بیروباوەڕمان راستگۆیی مسداقیەت بۆ سیاسەتەکان پەیدادەکات.



بەپێچەوانەوە هەر سیاسەتێك مۆرییێکی دوڕویی پێوەدیاربێت ئەوا پەیڕەوانی ئەو سیاسەتە توشی ناوزڕانی سیاسیو متمانە پێنەکردن دەکات.

سەرچاوە:
رۆژنامەی تایم، ژمارە ١٩ی رۆژی ٢٠ی نیسانی ٢٠٠٠.
گۆشەی "روانگە": نوسینی یوسف گۆران

**پاشكۆی ژمارە (٤)**

## تورکمانو تورکیا

لەسەرەتای دروستبونی دەوڵەتی عیراقەوە سێجار مەسەلەی بارودۆخی تورکمانەکانی کوردستانی عیراق کەوتۆتە بەرباسو لێکۆڵینەوە. یەکەمجاریان لە سەرەتای دروستبونی دەوڵەتی عیراق بوو کاتێك مەسەلەی ولایەتی موسڵ جێی مشتومڕی بریتانیاو تورکیابوو، جاری دووەم پاش روداوەکانی ساڵی ١٩٥٨ کە تاکو ساڵی ١٩٦٣ درێژەی کێشا، پێدەچێ جاری سێهەم لەم قۆناغەی ئێستابێت کەباس لە لێدانی عێراقو سەرلەنوێ رێکخستنەوەی پێکهاتە سیاسیەکەی دەکرێ

ئەگەربێتو بەوردی بڕوانینە بارودۆخی دەرکەوتنی مەسەلەی تورکمان لە عیراقو کوردستان



دەبینین کە لە هەرسێ جارەکە هۆی سەرەکی وروژاندنی مەسەلەکە هۆکاری دەرەکی بووە، ئەم بۆچوونە ئەوکات نەتەوە پەرستە عەرەبەکانو بەعسییەکان هاندەرو پاڵپشتی سەرەکیی تورکمانەکان بوون.

لەراستیدا بوونی هۆکاری دەرەکی بۆ دەرخستنو بەهێزبوونی داواکاری سیاسی تورکمان ئەو مافە لە تورکمانەکان ناسێنێتەوە کە مەسەلەی تورکمان لە عیراقدا مەسەلەیەکی رەوایەو بەندە بە پێشێلکردنی مافە رۆشنبیریو سیاسیەکانی کەمینەیەك کە رێژەیەکی بەرچاوی ئەم کۆمەڵگایە پێکدێنن، بەڵام گرێدانی ئەم مافە رەوایەی تورکمانەکان بەهاوکێشەو هێزە ئیقلیمیەکان، بەتایبەتی تورکیا، مەسەلەی تورکمانی لە چوارچێوە سروشتییەکەی دەردەکاو مۆرکێکی ئیقلیمی بەم مەسەلەیە دەبەخشێو ئەمەش پێناچێ بتوانێ خزمەتی داخوازە رۆشنبیریو سیاسیەکانی تورکمانەکان بکات.

سەربارى ياسكردنو جەختكردنى توركەكان لەسەر گرنگى دەستەبەركردنى مافى سياسىو رۆشنبيرى بۆ توركمان لەعيراق داو سەربارى ئەو يارمەتييە دارايىو لۆجستێكيانەى كە بۆ توركمانەكانى عيراقو بەرەى توركمانى فەراهەميان دەكات، بەلام پێناچێ ئەنقەرە سياسەتێكى رونو ئاشكراى سەبارەت بە توركمانەكانى عيراق هەبێ.

ئەزمونى دە ساڵى پەيوەندييەكانى رابردووى توركيا لەگەڵ ئەرمينياو يۆنانو بولگاريا ئەوەى نيشاندا كە توركيا زۆر بەتەنگ سۆزوازى نەتەوەييەوە نييەو زياتر لەهەوڵى بەرژەوەندى تايبەتى خۆيەتى، ئەگەر مەسەلەى قوبروسى لێدەركەين دەبينين سياسەتى دەرەوەى توركيا رەهەندێكى نەتەوەيى تايبەتى نەبوە، ئەم جۆرە سياسەتە پێويستە وا لە توركمانەكانى عيراق بكات كەزياتر لەهەوڵى خۆگونجاندنبن لەگەڵ دەوروبەرى خۆيان ستراتيجێكى رونو پشتبەستوو بە ئيمكاناتو



هێزى تايبەتى خۆيان دابرێژن، چونكە تەنها بەم جۆرە سياسەتە دەتوانن سۆزى نەتەوەو كەمينەكانى ترى عيراق بۆ خۆيان مسۆگەربكەن.

ستراتيجى پشت بەستن بەهێزى دەرەكى بۆ كەمينە بچوكو ژێردەستەكان ستراتيجێكى مەترسيدارە چونكە ئەم ستراتيجە لەسەر بنەماى "هيچ شتێك يان هەمووشتێك" دارێژراو، بۆيە باشترين رێگا بۆ دەستەبەركردنى مافى كەمينەيەكى وەكو توركمان تەنها بەنزيكبونەوە لە هێزە ناخۆييەكانو دارشتنى سياسەتێكى واقيعيانەى كە رەچاوى قورسايى ديموگرافىو جوگرافى توركمان لە كوردستانى عيراق بكات دێتەدى.

**سەرچاوە:**

**رۆژنامەى تايم، ژمارە ١٥ى رۆژى ١٨ى شوباتى ٢٠٠٢.**

**گۆشەى "روانگە".. نوسينى يوسف گۆران**

## پاشکۆی ژمارە ( ٥ )

**خشتەی ( ١ ): دانیشتوانی تورکمان لە عیراق بە پێی ڕێژە لە پارێزگاکان ( ١٩٢٠-١٩٧٧ )**

| پارێزگا | ١٩٢٠ | ١٩٥٧ | ١٩٧٧ |
|---|---|---|---|
| موسڵ | ٪١١,١ | ٪٤,٨ | ٪٠,٨ |
| هەولێر | ٪٦,٢ | ٪٢,٥ | ٪١٠٦ |
| سلێمانی | ٪٠,٣ | - | ٪٠,١ |
| کەرکوک | ٪٣٠,٣ | ٪٢١,٤ | ٪١٦,٤ |
| هەرێمی کوردستان | ٪٩,٢ | ٪٧,٣ | ٪٣,٣ |
| پارێزگاکانی تر | - | ٠,٢ | ٪٠,٢ |
| عیراق | ٪٢,٤ | ٪٢,١ | ٪١,١ |

سەرچاوە: کتێبی (اقلیم کردستان العراق- دراسة في ألتكوين القومي للسكان)

د.خليل أسماعيل محمد، أربيل ١٩٩٨، ل ٧٧.



**خشتەی ژمارە ( ٢ ):**

**دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ بە پێی نەوەو لیواکان لە ڕاپۆرتی کۆمەڵەی گەلانی ساڵانی ١٩٢٥.**

| لیوا | کورد | عەرەب | تورکمان | مەسیحی | جولەکە |
|---|---|---|---|---|---|
| موسڵ | ٪٣,٧ | ٪٣٩ | ٪٣,٢ | ٪١٨ | ٪٢,٥ |
| هەولێر | ٪٨٩ | ٪٦,١ | ٪١,٥ | ٪٢ | ٪١,٤ |
| سلێمانی | ٪٩٩,٢ | - | - | - | ٪٠,٨ |
| کەرکوک | ٪٤٢,٥ | ٪٣١,٩ | ٪٢٣,٤ | ٪٢,٢ | - |
| سەرجەم ویلایەتەکە | ٪٦٥,٢ | ٪٢٠,٢ | ٪٤,٨ | ٪٧,٧ | ٪١,٥ |

سەرچاوە: اقليم كردستان العراق، هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل ١٤٥.

**خشتەی ژمارە (٣):**

**ڕێژەی زیادبونی دانیشتوانی تورکمان لەعیراقدا بەبێ پارێزگاکان (١٩٢٠-١٩٧٧) ٪**

| پارێزگا | ١٩٢٠ | ١٩٥٧ | ١٩٦٥ | ١٩٧٧ |
|---|---|---|---|---|
| موسڵ | ٣٣,٣ | ٢٦,٥ | ٢٧ | ٧,٣ |
| هەولێر | ١٣,٧ | ٥ | ١ | ٦,٥ |
| سلێمانی | ٠,٧ | - | - | ٠,٦ |
| کەرکوک | ٤٥,٥ | ٦١,٣ | ٦٤ | ٦٩,١ |
| هەرێمی کوردستان | ٩٢,٨ | ٩٢,٨ | ٩٢ | ٨٣,٣ |
| پارێزگاکانی تر | ٧,٢ | ٧,٢ | ٨ | ١٦,٥ |

سەرچاوە:

اقلیم کردستان العراق. هەمان سەرچاوەی پێشو ل ٧٦



**نەخشەی ژمارە (٤):**

**دانیشتوانی تورکمان لە عیراق (١٩٢٠-١٩٧٧)**

| ساڵ | ژمارەیان (بەهەزار) | ڕێژەیان لە عیراقدا |
|---|---|---|
| ١٩٢٠ | ٦٠ | ٪٢,٤ |
| ١٩٤٧ | ٩٠ | ٪٢ |
| ١٩٥٧ | ١٣٦ | ٪٢,١ |
| ١٩٦٥ | ١٤٥ | ٪١,٨ |
| ١٩٧٧ | ٢٦٠ | ٪١,١ |

سەرچاوە:

لێکۆڵیار بەکەڵ وەرگرتن لە چەند سەرچاوەیەک دروستی کردوە

### خشتەی ژمارە ( ٥ ):

### پێکهاتەی نەتەوایەتی پارێزگای کەرکوك ( ١٩٢٤ )

| نەتەوە | ژمارەیان | ڕێژەیان |
|---|---|---|
| کورد | ٤٧٥٠٠ | ٪٤٢,٥ |
| عەرەب | ٢٦٠٠٠ | ٪٢٣ |
| تورکمان | ٣٥٦٥٠ | ٪٢٨ |
| مەسیحی | ٢٤٠٠ | ٪٢ |

سەرچاوە:

د. فاضل حسین، مشکلة الموصل. ل ١٣١



### خشتەی ژمارە ( ٦ ):

### پێکهاتەی نەتەوایەتی پارێزگای کەرکوك بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧.

| نەتەوە | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| کورد | ١٨٧٥٩٣ | ٪٤٨,٣ |
| عەرەب | ١٠٩٦٢٠ | ٪٢٨,٢ |
| تورکان | ٨٣٣٧١ | ٪٢١,٤ |
| مەسیحی | ١٦٠٥ | ٪٠,٥ |

سەرچاوە:

المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧ ألوية الموسل، أربيل و السليمانيةو كركوك، وللعراق، الجدأول رقم ١٦.

**نەخشەی ژمارە (٧):**

## پێکهاتەی نەتەوایەتی پارێزگای هەولێر ساڵی ١٩٢٤ بە پێی راپۆرتێکی کۆمەڵەی گەلان ١٩٢٤

| نەتەوە | ژمارەیان | رێژەیان |
|---|---|---|
| کورد | ١٧٠٧٥٠ | ٨٥,٥٪ |
| عەرەب | ١١٧٠٠ | ٦٪ |
| مەسیحی | ٣٩٠٠ | ٣,٦٪ |
| تورکمان | ٢٧٨٠ | ٢,٥٪ |
| جولەکە | ٢٨٥٠ | ٢,٤٪ |

سەرچاوە:

د.فاضل حسين، مشكلة الموصل. ص ١٢١.



**نەخشەی ژمارە(٨):**

## پێکهاتەی نەتەوایەتی شاری هەولێر بە پێی یەرژمێری ساڵی ١٩٥٧.

| نەتەوە | ژمارە | رێژە |
|---|---|---|
| کورد | ٢٤٣٣٣٥ | ٨٩٪ |
| عەرەب | ١٧٩١٥ | ٦,٥٪ |
| تورکمان | ٦٨٧٣ | ٢,٥٪ |
| مەسیحی | ٤٦٨٩ | ١,٨٪ |

سەرچاوە:

المجموعة الأحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، ألوية الموصل، اربيل و السليمانيةو كركوك،و العراق، الجدول رقم١٦.

## زنجیرەکانی هۆشیاری

| ژ. | ژ. هۆشیاری | بابەت | نووسەر و وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| ٣٤٥ | ١ | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین | ن. ئیسماعیل بێشکچی<br>و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | ٢ | سیستمی سیاسی سویسرا | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ٣ | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ٤ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | ٥ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ٦ | ئایین و ئازادی بیروڕا | ن. عەبدولڕەحمان مونیف<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٥٣ | ٧ | نەتەوە چییە...؟ | ن. ئێرنست ڕینان<br>و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | ٨ | پەرلەمان ـ سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی<br>عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | ٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شۆرش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ١٠ | ئایین و مۆدێرنە | مستەفا مەلەکیان<br>و. لەعەرەبییەوە<br>یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | ١١ | المدارس السياسية الثلاثاء في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٥ | ١٢ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | ١٣ | مميزات النظام الفدرالي | د. شورش حسن | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | ١٤ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٦٨ | ١٥ | پەیدابوونی عەلمانیەت | فرید اسسرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ١٦ | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | ١٧ | سیاسەتی رووخساری نەتەوەیی کەرکوك | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ١٨ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ١٩ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | ٢٠ | بەشداریکردنی سیاسی | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | ٢١ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا | ن. عەبدوڵلا عەنزی<br>و. سەردار عبدالکریم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | ٢٢ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | ٢٣ | تیرۆریزم هەرەشەو مەترسیەکانی | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | ٢٤ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - | ن: ئاستین کلاین | ٢٠١١ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | عەلمانیەت | و. کاوسێن بابەکر | |
| ٣٩٥ | ٢٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | ٢٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية | د. حميد عزيز<br>ترجمة: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | ٢٧ | دەوڵەتشاری دێرین | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حسن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٨ | ٢٨ | ئاینو سیاسەت | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | ٢٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال | ن. خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤٠٠ | ٣٠ | جیۆپۆلەتیکی کوردستان | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٠١ | ٣١ | دیموکراسیو بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین کازم<br>و. عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٩ | ٣٢ | پۆلێنکردنی هەڵوێستەکان پێش پرۆسەی هەڵبژاردنو دەنگدان | نیاز سەعید عەلی | ٢٠١١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤١٢ | ٣٣ | النـضال الدسـتوري للاسـتاذ ابــراهيم احمــد في العــراق الجمهوري | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |

## بڵاوکراوەکانی

## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

## ساڵی (٢٠١٠ - ٢٠١١)

| ز | بڵاوکراوەکان | نوسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ٣٢٥ | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي — دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| ٣٢٦ | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| ٣٢٧ | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح بروارى | ٢٠١٠ |
| ٣٢٨ | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| ٣٢٩ | ٢٠١٠ ساڵی كۆنگرەی ڕووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حمەجان عزيز | ٢٠١٠ |
| ٣٣٠ | پڕۆژەی مەكتەبی بیروهۆشیاری بۆداڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣١ | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. كوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٢ | مێژووی فەلسەفە | و. لەسویدییەوە: عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣٣ | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندي | ٢٠١٠ |
| ٣٣٤ | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| ٣٣٥ | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| ٣٣٦ | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| ٣٣٧ | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| ٣٣٨ | ئایین و دەسەڵات | هاشم كەریمی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٩ | فیمینیزم | ڕەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٠ | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤١ | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |
| ٣٤٢ | زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، كوردو میدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٤٣ | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات<br>ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| ٣٤٤ | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٥ | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (١) | ئیسماعیل بێشکچی<br>و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | سیستمی سیاسی سویسرا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ئاین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٨ | گۆڤاری کەلتور ژمارە (١) | | ٢٠١٠ |
| ٣٤٩ | ڕۆژنامەی کوردی گۆڤاری هەولێر ساڵی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | ئامادەکردنی:<br>د. هیمدادی حوسێن | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئاینەدەو ئاسۆکانی چارەسەر، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٤) | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٥١ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ئایین و ئازادی بیروڕا<br>زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٦) | ن: عەبدولڕەحمان مونیف<br>و: عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |
| ٣٥٣ | نەتەوە چییە...؟<br>زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٧) | ن. ئێرنست ڕینان<br>و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٤ | خانقين .. حكايات اعوام الرماد | يوسف يوسف | ٢٠١٠ |
| ٣٥٥ | بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان | رامیار مەحمود | ٢٠١٠ |
| ٣٥٦ | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | ٢٠١٠ |
| ٣٥٧ | سپینۆزا | ن. هاشم صالح<br>و. ئارام ئەمین شوانی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی<br>عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شورش حسن عمر | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٦٠ | ئاین و مۆدێرنه<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١٠ | مستەفا مەلەکیان<br>و. لەعەرەبییەوە:<br>یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١١ | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٢ | گۆڤاری کەلتوور ژمارە (٢) | | ٢٠١٠ |
| ٣٦٣ | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی:<br>سالّح رەحمان | ٢٠١٠ |
| ٣٦٤ | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف<br>ت. عن الروسيه:<br>احمد حيدر علي | ٢٠١٠ |
| ٣٦٥ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (١٢) | رێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | ميزات النظام الفدرالي في العراق (ژ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٦٧ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانییەت لەتورکیای عوسمانییدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا (ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (١٨٠٥٠-١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم:<br>عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | كورتە باسێکی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلّەر<br>و. لەئینگلیزیەوە:<br>کارزان کاوسێن | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی : نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن و. لەئەڵمانییەوە: د. کوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردي | مامۆستا جعفر ترجمة: د. بندر علي | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ک)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک - ژ. ز. هۆشیاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریکردنی سیاسی ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵلا عەنزی و. سەردار عبدالکریم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی: عەلی جۆلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | کەلتور – ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین و. لەفارسیەوە: کاوسێن بابەکر | |
| ٣٨٨ | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٨٩ | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | تاليف: حسن ارفع<br>ترجمة:عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٩٠ | كورتەیەك لەتاوانەكانی رژێمی عیراق دژی گەلی كورد | ن: نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |
| ٣٩١ | گەشەكردنی سەرمایەداری لەكوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٩٢ | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێكردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | كورد گەلێكی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلكەی كورد لەمیدیای جیهانیدا ، ژمارە(١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. رێبوار تۆفیق | ٢٠١١ |
| ٣٩٤ | لەدیكتاتۆریەوە بۆ دیموكراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. كارزان محمد | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەكوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٥) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٦) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٧) | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٩٨ | ئاینو سیاسەت<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٨) | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٢٩) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٤٠٠ | جیۆپۆلەتیكی كوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (٣٠) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٠١ | دیموكراسیو بنەماكانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین كازم<br>و. عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٢ | ثورة كوردستان ومتغيرات العصر (الطبعة الثالثة) | حكمت محمد كريم<br>(ملا بختيار)<br>ترجمة ومراجعة:<br>د. بندر علي اكبر | ٢٠١١ |
| ٤٠٣ | ئەركەكانی خەبات لەهەلومەرجێكی دژواردا | مام جەلال | ٢٠١١ |
| ٤٠٤ | كێشەی شیعەو سوننە<br>كورتەباسێكی مێژوویی | ن. د. عەلی ئەلوەردی<br>و. عارف كەریم | ٢٠١١ |
| ٤٠٥ | فەلسەفەی سیاسی ئەریستۆتێلیس | ئەمیر حسێن رەحیم | ٢٠١١ |
| ٤٠٦ | جیهانگیریو كاریگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت | ن. عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٠٧ | بەشداری سیاسی، چەمك و گرفتەكان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٨ | ( S.I ) ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال | محەمەد مێرگە سۆری | ٢٠١١ |
| ٤٠٩ | پۆلێنكردنی هەڵوێستەكان پێش پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان، ژ. ز. هۆشیاری (٣٢) | نیاز سەعید عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٠ | بەهاری عەرەبی و نەورۆزی سەربەخۆیی | ستران عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤١١ | قوتابخانەی فرانكفۆرت | و. عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١١ |
| ٤١٢ | حدود كوردستان الجنوبية في سنجار حتى بدرة | عبدالرقيب يوسف | ٢٠١١ |
| ٤١٣ | النضال الدستوري للاستاذ ابراهيم احمد في العراق الجمهوري، ز. هۆشیاری، ژ(٣٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |